سەمای سەفەری پیاوێک

کورتیلە چیرۆک

کەریمۆک

**یەکێتیی نووسەرانی کورد**
**مەڵبەندی گشتی (٨١)**

**ناوی کتێب: سەمای سەفەری پیاوێک**
**بابەت: کورتیلە چیرۆک**
**ناوی نووسەر: کەریمۆک**
**مۆتیفەکانی ناوەوە: تۆفیق محەمەد و سۆران**
**دەرهێنانی هونەری و بەرگ: فەهد شوانی**
**چاپی یەکەم– ٢٠١٣ هەولێر**
**تیراژ: ٥٠٠ دانە**
**چاپ: چاپخانەی شەهاب–هەولێر**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان**
**ژمارەی سپاردنی (   ) ساڵی ٢٠١٣ی پێدراوە.**

**مافی چاپکردنەوەی بۆ یەکێتیی نووسەرانی کورد پارێزراوە.**

بەتۆی دلۆڤان پێشکەشە:

کە ڕۆژی بارانەکە چەترەکەت هەڵنەدا..!

# شەوێکی ناوازە



ئەوشۆ.. پێچەوانەی شەوانی تر، بیر دەکەیتەوە..! قوڵتر لەخۆتدا خەست دەبیەوە، بە جۆرێ لەخۆ ڕۆدەچی و خۆ تاوتوێ دەکەی، کە تا ئەو دەمەی هەناسەی تێدا دەدەی ساتی وات بەخۆوە نەبینیوە، نەرم نەرم دەڕوانی و هێدی هێدی پێ هەڵدەگری، ئەتڵەسی هەست و هزرت دەدەیتە بەر میکرۆسکۆبی لێ خوردبوونەوە و لێدوان.

لەنێو چڕە ئەندێشەی ئەم شەوەدا، جەستەت، هەموو پارچەکانی لەشت تەنها فرمانی بیرکردنەوە ئەنجام دەدەن، بیرکردنەوە بە دوو ڕەوتی جیاواز گوزەر دەکا و سەراپای ئەندامەکانی لەشت بەسەر دوو تەوەرەی نەیار و دژ دابەش دەبن:

گوێچکە و چاو و کونەلووت و دەست و قاچی ڕاست دژی چاو و گوێ و کونەلووت و دەست و قاچی چەپ وەستاون و مۆرە لێک دەکەن، هاکا جاڕی جەنگ درا و لە تەپوتۆزی جەنگدا نغرۆ بووی، (جەنگ لەگەڵ کێ...؟!) جەنگی خۆ لەگەڵ خۆ، جەنگی لەناوچوونی نیوەی جەستەت و بوونە ئیمپراتۆری نیوەکەی تر...!!

# ژەهراوی
# بوون..



دابەزین، سواربوونەوە، سواربوون و دابەزینەوە. بەدرێژایی ڕۆژەکان، ڕۆژێ دەیان جار سوار دەبیت و دادەبەزییەوە، بە چەند چرکەیێ پێش تۆمارکردنی دوا دابەزینت، قسەکانی (کاف)ی هاوڕێت کەوتەوە یاد:

- بیست و پێنج ساڵە لە کاروانێک دام، دەمەوێت لە کاروانسەرایێک دابەزم و پشوویێ بدەم، جگەرەیەک داگیرسێنم و بسێمەوە.

زەردەخەنەیەک دایگرتی و لەم بیرکردنەوە دای بەزاندی، ڕاست دەڵێ، تەکان دەدەینە خۆمان و ئارەقەی ڕەش و شین دەکەین تا سواردەبین و دەکەوینە ڕێ، ڕێگا هەزار بە هەزاریەکان دەبڕین، دەڕۆین دەڕۆین، تا لە وێستگەیەک کە پێمانوایە ئەمە دوا خاڵی ئارامییە دادەبەزین، پێڵوی چاوە غەریبەکانمان دادەخەین و خۆ لە تارمایەک لوول دەدەین، خەنجەری تیژی دەبان هەڵدەکێشین و هێرش دەبەین، تا هەر هیچ نەبێ گەددەی ژەهراویمان خاڵی کەینەوە.

بەڵام بێ سوودە...! هێڵنج دەدەین، بەڵام ناڕشێینەوە، بۆیە دووبارە و سێبارە سوار دەبینەوە و دەکەوینەوە ڕێ، لەتوڕەییدا دەماری ملمان هەڵدەئاوسێ، بە گوڕتر دەڕۆین و ئاوڕ نادەینەوە، مێژووی دابەزینی سەر بلیتەکان تەزویر دەکەین، ناشوێرین دەستەکانمان بوقچێنین نەوەک بیر لە دابەزین بکەینەوە...! هێندێ جاریش بە قاچاغی بە دزی حەس حەس و یاساوڵەکانی شار، لە پەنا و پەسێوی مزگەوت و باڕەکان دادەبەزین، بێ ئەوەی نزیکترین کەسمان، تەنانەت خودی خۆشمان پێ بزانێ، پەنجە دەخەینە قوڕگمانەوە و بە زۆر خۆ دەڕشێنینەوە...! وەلێ هەر بێ ئاکامە و دادمان نادات، چونکە سەرلەبەری جەستەی ئێمە ژەهراوی بووە...!!


كيّـــــين..!!

گوڵەکانی ناو ئینجانە کریستاڵیەکەی سەر ڕەفەکە بە هێمنی گۆرانی دەڵێن و سەما دەکەن.

منداڵەکان بەدەم فوکردن بە دەبدەبەکانیانەوە لە گوڵەکان ڕاماون، دەبدەبەکان بەرە بەرە هەڵدەئاوسێن و سەرنجەکان ئاوێتەی جووڵە و سەدای گوڵەکان دەبن.

ـ ئەها دەبدەبەکان تەقین..!

قاژوقیژی منداڵان بەرزبۆوە و هەر یەک بە دوای لەتەکانی دەبدەبەکەی کەوتە گەڕان، لە پڕێکدا، گوڵەکانیش کەوتنە خوارەوە، ئینجانەکە شکا..! سەما و گۆرانی و گوڵ لە ژێر پێی ڕێبوارەکان گەچران و گوڵەکان لە گوڵیەتی کەوتن.

ـ کێ گوڵەکانی خستە خوارەوە..؟ کێ..؟!

+ گوڵەکان لەناو دەچن، کێ بەر پرسیارە..؟!

هەمووومان بێ دەنگین و بە چاوی مۆن لێک دەڕوانین، چونکە ئێمە بووین سەری گوڵەکانمان پان کردەوە و زمانی گۆرانیمان بڕی و هەنگاوی سەمامان بەست، ئێمەی ڕێبوارە لووت بەرزەکانی سەر شەقام...!!



# ڕەوتی تازە

بە نێو کوچە و کۆڵانەکانی ئەم دەڤەری خوێن و خۆڵەمێشە گوزەر دەکەیت و لە کۆتایی هەر شەقامێکیشدا ناونیشانێکی تازە هەڵدەواسی و دەڕۆی، دەڕۆی و خۆت لە ئایندە و مێژووی ڕێگاکان گێل دەکەیت و ئۆقرە ناگریت.

ـ سەیرە..! تا دوێنێ توولەڕێ نەما هەنگاوەکانت نەگەزێ، کەچی ئەمڕۆ تەنانەت بۆ دەربازبوون لە مێردەزمەی مەرگیش بەسەر پردەکان ناپەڕیەوە...!.

ئێستا.. گەڕیدەی بیابانێکی وشکەڵانی بێ سەرەتا و بێ کۆتایی، لەم بیابانەدا نە ڕێگا هەیە و نە ڕەنگ و نە شمشێر..

هەر دەڕۆیت و ئاوڕ نادەیتەوە، کەسانێ هەن، هێدی هێدی شوێنپێکانت هەڵدەگرن و بەدواتدا دێن. دێن دێن و دێن.. دێن دێن و دێن، هەتا ڕێگای نوێ دروست دەبێ..!



# دێیت..؟ دەڕۆم..!

لەو سەرەوە ماندوو ماندوو دەهات، ئازار لە گیانیدا دەچۆڕا، بە ڕووخساری پڕ لەتەم و دووچاوی داگیرساوەوە، ڕووی تێکردی و پێی گوتی: (لەژێر سێبەری درەختە ڕووتبووەکانی وەرزی وێران و نامۆیی ڕامەکشێ، نەکا گەڵا پوچە وەریوە ڕەنگ زەردەکان لە خۆت لوولدەن و تەمەنی هەرزەیت بڕزێنن..).

بەردەوام دەبوو لەسەر قسەکانی و تۆش وا خۆت دەنواند کە ئاوێزانی بۆچوونەکانی، کەچی خەیاڵت لەنێو گەمە ڕۆمانسییەکانی خۆیدا ون ببوو.

(ئاخر ئەم درەختانە لە وەرزەکان یاخین و بۆ هەر شوێنێ دەستی چەپەڵی ڕەشەبا ڕایان پێچێ، لەوێ ڕەگ دادەکوتن و زەماوەندی لەناوچوونی تۆ دەگێڕن، دە لە ژێر سێبەرە مردووەکانی ئەم درەختە ڕووتانە ڕامەکشێ و ئەم پێدەشتە خەماویانە جێبهێڵە..).

دواجاریش کە دەیزانی گۆتەکانی، ئەو دیوی سنووری بیرکردنەوەت بڕ ناکات و تۆ هەر لە تافی بێداری سەرقاڵی یاریکردنی بەپەیکەرە برۆنزیەکانی خورافیات، هاواری کرد: (گەرد و خەوشی ترس و گومان و نیگەرانی لەخۆت داتەکێنە، زمانی ئەو هەنگاوە سەرەڕۆیانەش ببڕە، با چیتر قسان نەدۆڕێنن و بە دیوارە ئاسنینەکان

هەڵ نەشاخێن..! ئەوەندەش خۆشحاڵ مەبە بە شاخی ئەم گاکێو یە شێتانە..)

تــۆ کە لە دونــدی دڵڕەقیــدا بــووی، لە بەردەم ئەو قسانەی ئەمدا، وێـنەی ئەستێرەیەکی خـامۆش، هێنـدەت بـۆ مـایەوە لە ڕستەیەکی ڕوکەشکراو، واپیشـان بـدەی ئەوەی ئەو دەیڵێت، هەرگیز بە دەڤەرەکانی هزرتدا گوزەر ناکات:

(ئەوەنــدە ســەرقاڵی ناشــتن و شــاردنەوەی تەرمــی مێروولەکان مەبە، وەرە ئێرە و وێنە دزێوەکانی دوێنـێش بدۆزەرەوە و بیانهێنە و بیان دڕە..).

ئەمەی گوت و هەناسەیەکی خەست و قوڵی هەڵکێشا و پێڵـوی چـاوە غەریبەکـانی داخسـت و وەک ئەوەی لەگەڵ خۆیـدا و بـۆ خـۆی بـدوێ لێوەکـانی لێکـدەدا: (ئەگەرچـی بەیانییەکانی ئێرە پەمەیـین، بەڵام لێـرە سۆمای چـاوی گوڵەکان دەدزن، چاوی شاعیران دەکوڵن و لەجێی گۆچان شمشـێریان دەدەنە دەسـت، بـاران کە فرمێسـکی چـاوی ئاسمانە، لێرە دەبارێ، بەڵام چەتەکان چەتریان هەڵداوە و نــایەڵن تەڕبــین، نــایەڵن پەپولەکــان پرســەش بــۆ هاوڕێیانیان بگێـڕن، وەلـێ هەر وەرە ئێـرە و ئەوێنـدەرێ جێبهێڵە..).

ڕوخساری بۆ ئاسمان هەڵبڕی، چاوەکانی کردەوە، بە نەرمە سەمایەکەوە لێت نزیک بۆوە و بە نزایەکی پڕ لەپاڕانەوە: (پێم بڵێ من لێرە بە تەنها چی بکەم، خۆم لە بۆتەی کام ڕەنگ بتوێنمەوە، وەرە با بەیەکەوە ملی ڕێگای سەفەرێکی دوور بگرینەبەر و بڕۆین، بڕۆین بۆ ئەوێ..

دواجار کە بێ ئومێد بوو لەوەی تۆ هەر لەژێر ئەو گەڵا ڕزیوانەدا بە ئاگا نایێیت، جانتاکەی لە شان کرد و ڕۆشت، لە دواخاڵی ونبووندا ئاوڕێکی لێدایەوە و گوتی: (ئەگەر هاتی بەیەکەوە هەموو کووچە و کۆڵانەکانی ئەم شارە هەتیوە دەگەڕێین، پارچە خەڵوزێک دەگرینە دەست و لەسەر دیواری قوتابخانەکان دەنووسین: (عاشقە یاخی و ونەکان لە سەفەرێکی ئەبەدیدا چوون بۆ ئەوێ..!).


کار..ه..با
Soran

کاتژمێر ژمارە دوانزەی دەگرتە باوەش، لە ژێر پێخەفێکی ڕەنگاوڕەنگ خۆت کورژ کردبۆوە، (دووکەڵی جگەرە و تاریکی و بیرکردنەوە) ئاوێتەی یەک ببوون و پانتایی ژوورەکەیان داگیر کردبووی، ململانێی نێوان چرکە چرکی کاتژمێرەکە و کپی و بێ دەنگی بە ئاشکرا دەبیسترا، لەپڕێکدا:

- کار..ە.. با.. هاتەوە..!

لەولاوە دەنگی تەلەفزیۆن بەرز بۆوە، دەنگ و ڕوناکی کۆتاییان بە هەموو شتێ هێنا..

نە بیرکردنەوە ماو نە تاریکی و نە ململانێ.

– ئای ڕوناکی چۆن هەرەس بە هەموو شتێ دێنی..!

+ ئاخر من لە تاریکیدا هەست بە شتەکان دەکەم و دەیانبینم..!!


بـ باڵندەکـە
Soran

ناسک و سادە و بێ فیز بوویت، بەسەر چڵی درەختە سەوزەکان دەفڕی و دەنیشتیەوە، لەنێو ماڵی گەڕەکە هەژارەکان نەبا هێلانەت چێ نە دەکرد، کێ چنگە گەنمێکی بۆ ڕۆکردبای دەبووی بە هاوڕێی و گۆرانیت بۆ دەگوت، هەمیشە هاوڕێیانت پێیان دەگوتی بۆ ئەوەندە ساویلکە و خۆشباوەڕیت، هیچ کیشوەرێکت بە ماڵی خۆت نە دەزانی و بە هیچ شوێنێکیش ئۆخەت نە دەهات..

دەفڕی و بەدەم گۆرانی گوتنەوە، لەگەڵ ئەو ئەستێرە غەریبانە دەدوای کە لە قوڵایی ئاسماندا تەرە دەبوون، دەفڕی، بێباکانە دەفڕی و باڵە شینەکانت لێکدەدا، ناسک و سادە و بێ فیز، ئەم چڵ و ئەو چڵی درەختەکانت دەکرد، بەسەر سەری ئەو باغانە ڕەت دەبووی کە خوازیار بوون تاوێ لایان میوان بیت.

خۆ ئەگەر ڕۆژێک گەشتێکت بەسەر لاشەی شەکەتی شاردا نەکردبا، هەموومانت دەخستە چاوەڕوانییەوە، ژیان دەنگ و بۆیەکی تری دەبوو، کۆڵانەکان نا ئومێدیان لەبەر دەڕۆیشت و منداڵان بە دیار هاتنی تۆوە وەنەوز دەیبردنەوە، ئاخر کە تۆ دێیت و باڵەکانت لێک دەدەیت شار لەگەڵ خۆتدا دەخرۆشێنی، پشکۆی سەر لێوان دەگەشێنیتەوە، شەقامەکان پڕ دەبن لە نوور.

بە دواکەوتنی تۆ نیگەرانی و دڵتەنگی ڕووپەڕی دڵەکان دادەگرێ، نزا و پاڕانەوە، کۆڕ و کۆمەڵ بەستن بۆ هاتنی تۆ دەست پێدەکات، منداڵان کۆدەبنەوە و بەنێو کۆڵانەکاندا دەگەڕێن و بەدەم بەستە و گۆرانییەوە، دوعا دەکەن و دەڵێن: (ئەی باڵندەکە بۆ خاتری ئەو هەموو خۆشەویستییەمان، ئەو هەموو نزایە، زوو زوو بەسەر سەری ئاسمانی شارەکەماندا تێپەڕە، با دووربین لە دەرد و بەڵا، دووربین لە کارەسات، هاوار دەکەن و دەڵێن وەرە و باڵە شینەکانت لێک بدە و میهرەبانی ببەشەوە، بەو ناسکی و سادە و بێ فیزیەت فێرمان بکە خۆمان و ژیانمان خۆش بوێت.

ئاخر تۆ جێگەی ئومێدی ئەو خەڵکە بووی، کە ڕووت و ڕەجاڵ دەستەکانیان بۆ ئاسمان هەمیشە لە پاڕانەوەدا بوو، بۆیە کە لەوسەری شارەوە، دەردەکەوی و بە گمەیەکی هێمن بێ دەنگی شار دەتارێنی، هەرچی ماتەم هەیە نامێنێ، تەمی خەمناکی دەڕەوێتەوە، ژیان دەبێتە یەک پارچە لە شادی.

وەلێ ئەو ڕۆژەی کە بە تیژی بەسەر سەری شاردا تێپەڕیت، هەموو شتەکان ئاوەژوو بوونەوە، کاتێک بینیمان سەر باڵەکانت خوێنیان لێ دەتکا، چەند جارێک سوڕایتەوە و شارت وەک خۆت خوێناوی کرد..! ئەوە ئەوەڵ و دواجار بوو، ئیدی ون بوویت و نەمایت، لەو ڕۆژەوە شار ڕەنگی کۆچی تۆی گرتووە، منداڵان مات و مەلول لەسەربەندی هەر گۆرانی و یارییەکیان دوعای هاتنەوەت بۆ دەکەن، لەسەر بەردەکان

وێنەت دەکێشن، وێنەی باڵندەیەک هێندە خۆشەویست بوو، ناوزەدیان کرد بە باڵندەی خۆشبەختی. لە ڕاستیدا دەرکەوتنی تۆ خۆشبەختی بە خەڵک دەبەخشی، ژیان و چارەنووس، مەرگ و مان بە هاتنی تۆوە بەند بوو، بەڵام لەو ڕۆژەوەی کە ون بوویت و نەمایت، نا ئومێدی چەترێکی غەمگین بوو، ئاسمانی شاری تەنی، باڵە شینە خوێناویەکانت هێندە سامناک بوو، لە بیر کەس ناچێتەوە، ئێستا تۆ بوویتە ئەفسانەیەکی پیرۆزکراو، پیرەکان بۆ نەوەکانیان دەیگێڕنەوە، لە کوچە و کۆڵانی هەر ماڵێک، باس باسی ون بوون و گەڕانەوەی تۆیە، ئاخۆ ئەی باڵندەکە، دەبێ کەی بێت، بگەڕێیتەوە ناومان و بەو ناسک و سادە و بێ فیزیەت جارێکی تر باڵەکانت لێک بدەیت و دڵەکان پڕکەیتەوە لە ئومێد، شار لەو نەهامەتی و وێرانیەدا ڕزگار بکەیت..!



كيّـــــــــيت..؟!

پرسـیارێکە و سـەردەمێکە بە دوای وەڵامەکەیـدا وێڵـی، چەندین پاکەتە جگەرە و پێکی مەیـت کـردۆتە قوربـانی، کەچی بێ سوودە..!

(ئەوشۆ بڕیارت داوە یا وەڵام یا...!)

لە پـڕ قیـژەی منـداڵە چـوار مـانگیەکەت بەرز بـۆوە، پێکەنیت.. پێکەنیت.. پێکەنیت، قەڵەمەکەی نـاو پەنـجەت و قونگە جگەرەی ناو تەپڵەکەکە شەرمدار بـوون، تـابلۆی قەد دیوارەکە و شتومەکی ناو ژوورەکە سەرسام بوون:

- تۆ بڵێی وەڵامی دۆزیبێتەوە..؟!

دەنگی منـداڵەکە زیـاتر بەرز بـۆوە، هـێمن بـوویتەوە و پێکەنینەکەت تێکەڵ بەگریانێکی قوڵ بوو:

+ ئائەمەیە وەڵامی ئەم پرسیارە..!


سەمای جەنگ

لەسەر شۆستەکە وەستا بووم، جگەرەم دەکێشا و بیرم لە خۆشەویستەکەم دەکردەوە، لە دوورەوە، سەربازەکان لە نێو ئۆتۆمبێلەکانیان دەرکەوتن، دەنگی هۆڕین و خرەخڕی ئیڤا بێ دەنگیی ئەم ناوەی قوتدا، گەیشتنە ئێرە و لە ڕۆخی شەقامەکە وەستان، لەنێو لەپی دەستیان نووسرا بوو: (دەڕۆین بۆ بەرەکانی شەڕ).

من بیرم لەوان کردەوە..!

ڕۆژنامەفرۆشێک بەوێدا هات، ڕۆژنامەیەکم کڕی و دەستم کرد بەخوێندنەوەی، مانشێتەکەی نووسرا بوو: (سەربازەکانی سەنگەری پێشەوەی بەرەی جەنگ بیر لە دڵدارەکانیان دەکەنەوە..!).

پۆستەچییەکی ڕەقەڵەی درێژ بەتیژی بەوێدا تێپەڕی، بانگیان کرد و چەند نامەیەکیان پێدا..

ژەنەڕاڵەکە دابەزی و هاواری لێ کردم، هاتە لامەوە و دەستێکی خستە سەر شانم، بە پەنجە وێنەی بازنەیەکی ڕەشی لەنێو چاوانم کێشا: (کاتی خوێندنەوەی ڕۆژنامە نییە..!)

دەستیان گرتم و سەریان خستم، قاتێ جلی سەربازییان دامێ، ئێستا منیش بووم بە یەکێک لەوان، ئێستا وەک وان، نەک وەک خۆم، بیر لە خۆشەویستی دەکەمەوە..!



# چوار دڵۆپ خوێن

قرچەی دوای نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوین، خۆر لە چەقی ئاسمانەوە بە هێڵێکی ستوونی تیشکەکانی پەخش دەکردە سەر لاشەی شەکەتی شاری تارومار کراو.

منداڵێکی پێ پەتی شڕ، سەروقژ شێواوی چڵکن، بە هەنگاوە سست و خاوەکانی، درێژایی شەقامەکانی شەق دەکرد، بۆ لەتێ نان کوچە و کۆڵانەکانی دەکوتایەوە، ئەم هەر خۆی نەبوو، سێ برسی تر چاوەڕوانی دەستی ئەمیان دەکرد تێریان کات.

گەیشتە بەردەمی دوکانی سەوزەفرۆشەکان، چاوەکانی دوو کەلاشووشەی سووری دەستی منداڵێکی چەتوون بوون، بەسەر میوە ڕەنگاوڕەنگەکان دەفڕین و دەنیشتنەوە، خەریک بوو لەخۆی دابڕێ، بەڵام ژانی گەددە خاڵییەکەی جڵەوی بە ئەندێشە بەربڵاوەکەی توند کردبوو.

لەبەردەمی (مام سەلیم)ی کاڵەکفرۆش گیرسایەوە، دەستە لەرزۆک و قرێژاوییەکانی برد بۆ پێشەوە:

+ خاڵۆ گیان، کاڵەگێکم بارێ، شتێک شک ناوەین بۆ خواردن، دوێ شەویش وەزگی برسییەوە خەفتینە.

مام سەلیم چاوێکی بە جلوبەرگە نا ئاسایی و سیما تۆزاویەکەی داخشاند، ویژدانی هاتە هەژان و سۆزی سمی:

- لۆ ئیشەکی ناکەی، کوڕم دەرۆزە کردن عەیب و شورەییە.

+ ئیش..! کوا ئیش خاڵۆ گیان، خۆ هەر من نیم وەتای تەنیا.

- ئەدی داک و بابت..؟! مارتان لە کێیە..؟!

+ لەخەراوەیەکی بـان جـادەی شەسـتی ژیـان وەسـەرەوەین، دایەکم و باوکم بێ سەر و شوێنن، قسە ێژن ئەنفال کریاگن.
مام سەلیم ڕاچڵەکا، دڵی لەنێو قەفەزەی سنگی کەوتە تـرپە تــرپ، هەر لە دەنگــی نــاڵی ئەســپێکی بەرەڵــلای شــەوێکی کشومات دەچوو، کە بەسەر شەقامێکی کپدا لۆقە دەکا، خێرا، گوێ قوڵاغ، سەرنجەکانی بە ووردی ئەم ناوەی تەنی:
- کوڕم باسی ئەنفال نەکەی..!
لە کۆمەڵە کاڵەکەکەی بەردەمـی دانەیەکـی هەڵبـژارد و دایە دەستی.
بە نەرمە غــــــار بەرەو کەلاوەکە کەوتە ڕێ و بە هەردوو دەستی توونـد کاڵەکەکەی بە سنگییەوە نوسـاند بـوو، هەر لە کـۆرپەی باوەشـی دایکێـک دەچـوو، سـەیرە..! ئەم کە هێشـتا خـۆی پێویسـتی بە کۆشـی گەرموگـوڕی دایـک هەیە، کەچـی ئەوەتە بووە بە دایک، دایکی کۆرپەیەکی بێ گیان..!
ڕوخسـاری لە تەمگیـراوی نـوقمی خۆشـییەکی گەورە بـوو، وەک چۆن یەکێک لە ژیانیدا چاوەڕوانی گرنگترین شت بـێ و هاتبێتە دی. ڕۆژگارێکی چەند گەمژەیە، مـرۆڤ هەیە بە یەک کاڵەک خواستی دێتە دی، هەشە بە هەموو ماڵی دونیـا چـاوی پـڕ نـابێتەوە و لە چاوتروکانێکـدا هەزاران کـاڵەک لە دەسـت دەدات..!
لە کەلاوەکە نزیـک بـۆوە، چەنـد هەنگـاوێکی مـابوو بگـاتە لایــان، (ناسـک و سـتار و بەفـرین) کە کـۆی تەمەنیــان نە دەگەیشتە پانزە ساڵ، بە ڕاکردن بەرە و پیرییەوە هاتن:

ـ ئای کاڵەگی هاوردگە..!

کاڵەک سەما و ئاوازێکی تازەی بەم چوار دڵۆپە خوێنە بەخشی، چوار مشقی لە دەمی کەلاوەکە بە دەوری کاڵەکەکەدا کۆبوونەوە، چاویان ئاوێتەی ڕەنگە هەڵبزرکاوەکەی کاڵەکەکە بوو، دەمیشیان کە تا ئەو کاتە کانیەکی وشک بوو، ئاوی تێزا..!

چاوەڕێ بوون هاکا کاڵەک دەشکێنرێ و سەرو قاش دەخۆن، بۆ ماوەیەک ئەگەر کەمیش بێ، بە نیمچە تێریەوە دەژین، بەڵام وا دەرنەچوو، کاڵەک شەقکرا و بۆنێکی پیسی بڵاوکردەوە، تەنانەت نەیان توانی تامیشی بکەن.

ڕق و تووڕەییەکی زۆر هروژمی بۆ هێنان، بە یەک دەست کاڵەکەکەیان بەرز کردەوە و بە دیواری کەلاوەکەیان داپڕژاند و دایان لەپڕمەی گریان..!!



# سەرەکان

سپێدەیێ، کە لە خەو ڕابووی، بۆ یەکەمجار هەستت بەوە کرد، جگە لەو سەرەی لە دووندی جەستەدا، هەموو فرمانێکی بە دەستە، سەرێکی دیش کە لەو بچووک ترە لە شوێنێکی شیاوی جەستەدا ڕواوە..!

سەرێ کە هەر لە ساتی هاتنە بوونیەوە، بزۆز و شەڕانگێز، هەڵپەی زاڵبوون و خەیاڵی شۆڕکردنی سەری گەورە بڕستی لێ بڕی بوو.

بۆیە چی پێ نەچوو، نا ئارامی و بێ ئۆقرەیی گەمارۆی دای و ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دوو سەرانە گەیشتە پۆپە و ئاگری شەڕ لە هەموو کون و کەلەبەرێکی جەستەدا هەڵگیرسا، جەستە بووە گۆڕەپانی شەڕێکی خوێناوی و سامناک.

ئەوان بیریان نەدەکردەوە کە خاوەنی یەک جەستەن و لەناوچوونی هەر یەکێکیان لەناوچوونی ئەوی دیشە، بۆیە هەر یەک بۆ ملکەچ کردنی ئەویدی و ڕابەرایەتی کردنی جەستە هەموو هێزی خستبووە کار، لە دواجاردا

که سەراپای جەستەیان شەلاڵی خوێن کرد و مەترسی لەناوچوون گەیشتە سەر ئێسقان، ئاهێکیان بە خۆدا هاتەوە و لە بەردەم فوارەی خوێن، تێگەیشتن کە بوون و بەردەوامی هەریەکیان هی ئەوی دیشە، بۆیە بە ناچاری ڕێککەوتنیان ڕاگەیاند و سەری بچووک ڕەزامەندی بۆ فەرمانەکانی سەری گەورە نیشاندا و ئەویش بەڵێنیدا ئاوات و ئارەزووەکانی سەری بچووک فەرامۆش نەکات.

نووکە جەستە نەختێ ئاسوودەیی بە بەردا هاتەوە و ڕەوتی ئاسایی ژیانی دەگوزەرێنێ، بەڵام..!

تێ. بی. نی:

-ئەگەر دەتەوێ لە مانا و مەبەستی ئەم چیرۆکە بگەی، تکایە خەیاڵ پڵاوی نەکەیت و بە هوردی و شێنەیی سەفەرێک بۆ نێو کون و کەلەبەرە شاراوەکانی جەستەدا بکە.

-مەبەست لە بچووکی و گەورەیی سەرەکان، تەنها قەبارەیە، نەک ناوەخن..!

-مەرج نییە هەموو کەسێ خاوەنی سەری گەورە و سەری بچووک بێت، هەیە تەنها یەک سەری هەیە، خۆ هەشە لە هەردووکیان بێ بەشە..!

-کەسانێک هەن سەری گەورەیان پیر بووە و سەری بچووک ڕابەرایەتیان دەکات.

-نووسەری ئەم چیرۆکە هەموو سەرەکان ڕەتدەکاتەوە، پێشبینی ئەوەش دەکات، جیهان لە ژێر سایەی سەرەکاندا لەناو بچێت..! یاخود دووچاری گەورەترین نەهامەتی بێت..!



# پایسکل

له دەرگا گەورەکەی حەوشەی قوتابخانەکە، به ڕاکردن بەرەو ماڵەوە کەوتەڕێ، کارتە پڕ نمرەکەی بە هەردوو دەستییەوە توونـد گرتبوو، بە هەنگاوە کورتەکانی قەف بە قەفی کۆڵانە قوڕاویەکانی دەبڕی، دەتگوت دەنکە نۆکی ڕژاوی سەر کاشییە شووشەییەکانە:

ـ دایکم بەڵێنی پێداوم ئەگەر سەرکەوم پایسکلێکم بۆ بکڕێ.

خەیاڵ بەرەو دونیای سادە و ساکاری پەلکێشی کرد، تا ئاگای لەخۆ برا، لە پڕ سەری پێی لە لووتی شیشێکی لە زەوی چەقیو گیر بوو، ڕەتی برد و کەوت، کارتەکەی لە دەست دەرپەڕی، گورج هەڵسایەوە، دەستەکانی پاک کردەوە، پەلاماری کارتەکەیدا کە لەولاوە نوقمی قوڕ و چڵپاوەکە ببوو، بە پەلە دەستی بۆ برد و دەریهێنا، بەڵام پاش چی..!؟ کە نمرەکانی هەموو ڕەش ببوونەوە و پیتەکانی ئاوێتەی یەکتر بوون و بە هیچ جۆرێک شێوەی کارتی نە دەنواند، سیمای ترساوی بۆ ئاسمان هەڵبڕی، پێڵوەکانی خستە سەریەک و فرمێسک لە چاوەکانی قەتیس ما...

ـ چۆن بە دایکم ڕابگەیەنم کە ئەم کارەساتە ڕوویداوە.

ـ نا..نا بڕواناکەم دایکم پێم بڕوا بکات..!

سەیرێکی کارتەکەی کرد کە بەسەر پەنجەکانی توابۆوە، تووڕەیی دەروونە بچکۆلانەکەی گەمارۆدا، کارتەکەی فڕێدا و کەوتە ڕێ.

ـ هەر بڕوا دەکات، ئەدی چی دەکات..؟ خۆ ناشم کوژێ..!! زۆر زۆر پایسکلەکەم بۆ ناکڕێ..!!!

# کارەساتی لێك ئاڵان



هەردووکمـان، قیـت، مـت و بـێ دەنـگ، لـە ڕووی یەکـدا، ڕەپ چەقی بووین، چاوەکانمان زمانی دوان بوون، دەدوایـن و باشـیش لێـک دی حـاڵی دەبـووین، باسـی لێـک ئـاڵان و تـوانەوەی دوو جەسـتەمان دەکـرد لـە یەکتـری، چـۆنیەتی لێستنەوە و مـاچوموچ، گەوزیـن و لێـک ونبـوون و چـوونە ناویەک..!

لـە گەرمەی ئەم باسـەدا بـووین، لەو لاوە سـێبەرەکانمان لێک نزیکبوونەوە، خشینە پـاڵ یەک و تێـک ئـاڵان، بـوون بەیەک و لێک ونبوون.

تەزووە خۆشـەکانی شـەهوەت ختـووکەی داین و لەخـۆی لوولـداین، سڕ بـووین و سـوور هەڵگەڕایـن، هێـدی هێـدی لێوەکانمـان وشـک بـوون و تینـویەتی زۆری بـۆ هێنـاین، تینوی یەکتر خواردنەوە، لە پڕ بە خۆشمان نەزانـی چۆن ڕاخـزینە پـاڵ یەک و ئـاوێزانی یەکتـر بـووین، کەوتیـنە هەڵگوشین و هەڵمژینی یەک، چرپە چرپـی پچڕ پچڕی بـن گوێیان و ناڵە و نرکەی چرکەکـانی پـێش ڕشـانەوە دەسـتی پێکرد، ترپ ترپ، دڵیش ئیقاعێکی ئەفسوناوی بەم نمایشـە بەخشـی، نمایشـی لێـک تـوانەوە و ئـاوێتە بـوونی ڕۆحە مانـدووەکان، هەرا و زەنـای حەشـاماتێکی بـێ شـوماری خەڵکی لە پشتمانەوە دەستی پێکرد، سەرمان هەڵبڕی، سەر

سـام بـووین، دەسـتمان لێـک بەردا و جیـابووینەوە، بەڵام هێنـدەی نـوکی دەرزییێکـیش نە ترسـاین: (ئەوە چیـیە، هەر چوار دەورمان بە خەڵکی تەنراوە.. !) هەموویان، هەر یەک بە نیازێ، بە دیقەتێکی وردەوە، لە ئێمە و لە سـێبەرەکانی دەڕوانـــی، هەنـــدێک ددانــی خۆیــان لە چیــڕەوە دەبــرد و پەنجەیان لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانیان توندتر دەکرد و دەیـــان گــوت: (مەرج بـــێ ڕشـــانەوەی ئێـــوە تـــێکەڵ بە ڕشـــانەوەی تفەنگەکانمـــان بکەیـــن..!) هەنـــدێکی تـــر لە گەنجەکـــان، ئەوانەی بە درێژایـــی تەمەنـــی شـــوومی گەنجیەتییان پڕ بە ناو گەڵی خۆیان نەڕشاونەتەوە، ئەوان خـــوا خوایـــان بـــوو، ئەم نمایشـــە هەر بەردەوام بێـــت..! هەندێکی تریش هەبوون، بە ناو لەپی دەست، چاوەکانیـان لە ڕووی ئـــێمەدا دەشـــاردەوە، وەلـــێ هەر زوو بە خۆیـــان نەدەوەستان و بە تیلەی چاو لە کەلێنی پەنجەکانیان تێمان ڕادەمـانەوە، ئـێمە بـێ بـاک بـووین و نە دەترسـاین، بەڵام شـــەرمێکی زۆرمـــان کـــرد..!! شـــەرممان کـــرد و شـــل و خـــاوبووینەوە، گەرم و گـــوڕی لە جەســـتەماندا نەمـــا، ساردبووینەوە، سارد، سارد، بووین بە تـۆپەڵە بەفرێـک و تواینەوە ژێـر دەسـت و پێـی سـێبەرەکان، لە قۆرتێکـدا، کە جێ شونی سمی ئاسک بوو، ڕژایـنە یەک، سـێبەرەکان هەر لە یەکتـر لووشـین نەکەوتـن، لە ترۆپکـی بـاڵاترین پـلەی خۆشی و لەزەتدا گوم ببـوون، نـا ئاگـا لە هـیچ، قاچیـان

خسته سەرمان و تەڕ بوون، لە تەڕیەتی ئێمە هەڵخلیسکان و ڕەتیان برد، هەریەک بەلایەکدا بەربۆوە و کەوت، کەوتن و ڕاچڵەکان، هاتنەوە خۆ، چاوێکیان بە ئاپۆرەی بێ ئەژماری ئەو خەڵکەدا گێڕا، واقیان وڕما، بەڵام نە ترسان، ئێمە ئاسا، شاڵاوی شەرمێکی کوشندە لەخۆی وەرپێچان، تنۆک، تنۆک، توانەوە، بوون بە ئاو و تێکەڵی ئێمە بوون، هەموو بەیەکەوە، دەمارە ئاوێکی زیوینمان دروست کرد و لە جۆگەلەیەکی باریکی ئەم بیابانە وشکەدا سەری خۆمان هەڵگرت و ڕۆچووینە خوارێ، دوور دوور کەوتینەوە و لە چاو ئاوا بووین.. !!

# بازنە و
# هەنگاو



دوو لینگە پێڵاوی لێک جیای هەنگاو شڕ و ماندووەکانی، ڕێگا دوورەکانی نزیک خۆر، لە ناوەڕاستی بازنەیەکی ڕەش، لە گۆڕەپانی گشتی شار، پشت لەو مانگە سوورەی چەقی ئاسمان، لێی کەوتوون و دەمیان لە ورگی زەوی ناوە..!

هێندێ لەوانەی بە چەند ساتێ پێش برسی بوونیان، بۆ لوقمە نانێ زمانی دەمی خۆیان فرۆشت، سەرنج مردوو بەوێدا ڕەت بوون، ئەوان هیچ لە مێژووی بازنە نازانن و بە درێژایی تەمەن لە پێ و پێڵاوی خۆیان ڕا نەماون، بۆیە نە لە ڕوخساری شێواوی تاکە پێڵاوەکانیان پرسی و نە دەنکەک جیاوازییان لە نێوان بازنە ڕەشەکە و بازنەی سووری مانگ بەدی کرد..! ئاخر ئەوان خۆشڕەوی (هەنگاو) لە بەهای پێڵاودا نابینن و بۆ چرکە ساتێکیش پێ پەتییان بەخۆوە نەبینیووە.

ئەوانەیش، کە وریا و وردن و لە ڕەوت و مەبەستی هەنگاو، لەسەر و سەربردەی بازنەی ڕەش و سوور دەگەن، کە گەیشتنە ئەوێ و چاویان بە پێڵاوەکان کەوت، تا تێپەڕین بەخوڕ گریان و داخ و کەسەریان هەڵڕشت.

(شێت)ێک کە لەولاوە لێی پاڵ کەوت بوو، دیار بوو ئاگای لە تەواوی ئەو کەین و بەینە هەبوو، دەمێکیش بوو تاکە پێڵاوەکان سەرنجیان ڕاکێشابوو، لە شوێنی خۆی ڕاست بۆوە و پێڵاوەکانی دەست دایێ و بردی، بەڵام لە پێی نەکردن، دانەیەکی کرد بەخودە بۆ سەری و ئەوی دیشی بە قەیتانەکانی لە ملی بەست و کردی بەمەدالیا بۆ سەر سنگی..!!

# هاوكێشەكان



مانشـێته تـوڕە و زبرەکـانی نـاوەوەی پەڕیـنە سـەر شاشەی ڕوخساری و گشت پارچەکانی جەستەی زمانیـان گـرت: (کزدەبـێ و پـاش کەمێکـی تـر.. نـا.. دوای چەنـد ڕۆژێک، مانگێک، ساڵێک، یـان قەت نـا.. نـاکوژێتەوە، گەر نەکـوژێتەوە، ڕاسـتتر نەی کـوژێنمەوە، ئەوە هـوردە هوردە هاڵاوی بەتینی پەرە دەگـرێ و کـرف کـرف پانتـایی پەرێـزی دڵە بچکـۆلانەکەم ڕەش دەکـاتەوە، ئەوسـا مـن خـامۆش دەبـم و ئەویـش ڕۆشـنتر). سـەیرە..! بـۆ دەبـێ کوژانەوەم وزەبەخشی ڕووناکی ئەوبێ..؟!

کە (هودا) لەبەر خۆیدا ئەم قسانەی دەگوتەوە، نا ئاگا بـوو لەوەی (گـاڤ)ی هـاوڕێی لە کـونجێکی ژوورەکەدا دانیشتووە، بۆیە کە گـاف بە نەرمە قاقـایێکەوە پـێکەکەی بەرز کردەوە و پێی گوت: (دیسانەوە)، زۆری پێ نـاخۆش بـوو، چـونکە پێـی وابـوو تەنهـا لەگەڵ خۆیـدا دەدوێ، دوایش بڕیاری دابوو جـارێکی تـر ئەم باسـە لەگەڵ گاڤدا نەکاتەوە، ئاخر گاڤ ئەوەندە لە خەمی گرفتەکـانی ئەودا نەبـوو، تەنـانەت تـاقەتی نەبـوو گوێشـی لـێ بگـرێ،

ڕاستییەکەی (ئەو و گاڤ) دوو کەسی زۆر لە یەکتر جیاواز بـــوون، بەڵام ڕووداوە کارەســـاتبارەکانی ڕۆژگـــار، هەر دووکیانی بە زۆر لەم ژوورەدا ئاخنی بوو..

هەمیشە هودا لەنێو خەمەکانی خۆیدا وەدیار شیکاری هاوکێشەی (کوژانەوە و دایساندن) خەیاڵی گوم ببوو، هەندێ جاریش وەک ئەوەی بە تەنها لە ژوورەکەدا بێت، قسەی دەکرد، گاڤیش هێدی هێدی پێکی خەست خەستی هەڵــدەدا و لەناکاویشــدا بە ڕســتەیەک هــودای بە ئاگــا دەهێنـایەوە، یـاخود بەدەم پێک هەڵـدانەوە تـوانجی تـێ دەگــرت، تـــا دواجـــار وەک ئەوەی وا نیشـــان بـــدات کە هاوخەمیەتی، لێی پرسی:

ـ خۆ خەریک کردن بە شیکاری ئەم هاوکێشـانە تەنهـا کات لەدەستدانە.

هـودا کەتـا ئەو دەمە بڕیـاری دابـوو، بـێ دەنـگ بێـت، هاتە وەڵام:

+کات..؟! بۆ کام کاتی ئێمە بەفیڕۆ نەچووە، ئێمە مرۆی ڕۆژگارێکین هەموو تەمەنمان بێ بەها بـوو، گـاڤ وەرەوە

سەرخۆ، ژیان جەنگە و ئێمە بێ ویست و حەزی خۆمان سەربازێکی چکۆڵەی ئەو جەنگەین.

- بەڵام جەنگەکانی ناوەوەی مرۆڤ سامناکترن.

+کەواتە مرۆڤ هەمیشە لە جەنگدایە.

- (.....................................).

+ (.....................................).

ئێوارەیەکیان هودا لە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەوە بۆ دەرەوەی دەڕوانی، بەفر هێدی هێدی دەباری، ئەم بەدەم سەیرکردنی بارینی بەفرەکەوە، جڵەوی خەیاڵی شل کرد بوو، لە ژێر لێوانەوە لەگەڵ خۆیدا دەدوا: (چۆن دەتوانم ئەم ڕۆشناییە خامۆش کەم، ئاخر دایساندن کردەیەکی سەخت بوو، سەدەها شەو و ڕۆژم بۆ ژمارد، چەندین پاکەتە جگەرە و پێکی مەیم کردە قوربانی تا توانیم ئەو کزە تیشکە باڵا بکەم، ئێستا چۆن دەتوانم خامۆشی کەمەوە..). هودا تا دەهات ڕۆ دەچووە ناو مەسەلەکەوە، هەر جارێکیش بە قوڵی بیری (دایساندن و خامۆشکردن)ی دەکەوتەوە، بێ ئۆقرەیی گەمارۆی دەدا و بە جۆرێک

شیرازەی ژیانی تێک دەچوو، وەک شێتی لێ دەهات، هەندێجار نا ئاگا هەرچی شوشەی پەنجەرەکان هەیە دەیشکاند، هەندێ جاریش پەنای بۆ خواردنەوەیەکی خەست دەبرد.

ئەمشەو بەدەم مەستییەکی زۆرەوە جیا لە شەوانی تر خۆی گەیاندە ناندێنەکە و کێردێکی درێژی هێنا و هاتەوە نزیک پەنجەرەکە، دوا پێکی عەرەقی سپی ئەو شەوە ڕەشەی هەڵدا و زەق ڕووانییە دەرەوە، وەک ئەوەی بە بڕیارێکی گرنگ گەیشت بێت، کێردەکەی لە گەردەنی نزیک کردەوە، لەو ساتەدا ڕەنگە کەس بیری بۆ ئەوە نەچێت کە هودا خۆی دەکوژێت، بەڵام وانەبوو، لە پڕ کێردەکەی لەملی توند کرد و بە هەموو هێزی ڕای کێشا، خوێن فیچقەی کرد، کێردەکەی لە دەست کەوتەخوارەوە و ڕای کرد بۆ دەرەوە، شێتانە لە بەردەم بارینی بەفرەکە سەمای دەکرد، تا خوێن ئەو ناوەی سوور کرد، هەر سەمای دەکرد، لە پڕ کەوت و گیانیدا..!

هەر ئەم ئێوارەیە گاڤ لە دەرەوەی شار، پاش ئەوەی زۆر مەست دەبێت بڕیاری خۆکوشتن دەدا..! ئەگەرچی ئەو

دەمێک بوو ئەو بڕیارەی لا گەڵاڵە ببوو، بەڵام کەس ئەو نهێنیەی نەزانی بۆیە ئەم ئێوارەیە جێبەجێی کرد، ڕەنگە ڕێککەوت بووبێت، بەڵام ئەو هەمیشە باسی لە دەریا دەکرد، پێی وابوو مردنێک لەنێو دەریادابێ هەرگیز مردن نییە..! بۆیە لەگەڵ هاوەڵیەتی شەپۆلەکانی دەریا ئەم ئێوارەیە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا..!

ئەم شەوە ئاسایی گوزەرا، کەس بە مەرگی ئەوانی نەزانی، بەیانی کە ڕۆژ بۆوە، لاشەی هودا لەنێو بەفرێکی بە خوێن سورکراو بینرا، خەڵکی ئەبڵەق بوون، پۆلیس لێکۆڵینەوەی خۆی دەست پێکرد، بەڵام بەر لەوەی لە کۆتاییدا بڕیاری ئەوە بدات، کە کەسێک هاوڕێکەی خۆی کوشتووە، ڕۆژنامەکان دۆزینەوەی لاشەی گاڤیان لەنێو دەریادا، ڕاگەیاند..!



# من و سێبەر

من و سێبەرەکەم، قۆڵمان لە قۆڵی یەک هەڵکێشا بوو، هێدی هێدی بەسەر پشتی ئەو شەقامە لەپ زبرانە هەنگاومان دەنا، قسە و باسە ناوەخن پووچەکان مێشکیان جەنجاڵ دەکردین، ئێمە واین بە درێژایی ڕۆژانی دەسگیرانی ڕۆژێ دەیان جار دەمەتەقێمانە و تێک ناگەین..! گەرچی ئاخافتنی ئەمڕۆش سەرەتا شێوە نەرمییەکی بەخۆوە دی، وەلێ هوردە هوردە بارەکە بە جۆرێکی دی وەرچەرخا، ئەوەتا لێک زویر بووین و هەریەک بەلایێ ملمان نا، من چوومە ژێر سێبەری ئەپارتمانێکەوە، ئەویش چەند هەنگاوێک لەولاوە لەبەر ئەو بەرۆچکەیە لەو ساکەگۆڕە وەستا.

لەدوورەوە دوو دڵدار، کچ و کوڕێک بەرەو ئێرە کشان، ئێمە ئاسا سەرگەرمی دەمەقرێیەکی گەرم بوون، کە گەیشتنە ئێرە هاواریان لێ هەڵسا، یەکتریان جنێو باران کرد، بۆ یەکجاری بڕیاری دەست لێک بەردانیاندا و جیابوونەوە، کوڕەکە هاتە لای منەوە و لە تەنیشتمەوە وەستا، پاش کەمێ گفتوگۆ بووین بە هاوڕێ، کچەش چووە ژێر سێبەرەکە وەستا، پاش کەمێ بوون بە هاوڕێ.

ئێوارە داهات، من و کوڕەکە بەلایەکدا، ئەو و کچەکەش بەلایەکی دیدا، گەڕاینەوە ماڵەوە، چوار قۆڵی ئاهەنگێکی بچکۆلانەمان سازدا، سێبەرەکەم کچەکەی هاوڕێی پێشکەش کردم و هەر ئەو دەمە مارەی کرد لێم، منیش کوڕەکەی هاوڕێم پێشکەش کرد و مارەم کرد لێی، ئێستا من و سێبەرەکەم دراوسێی یەکین، شەوان خۆی و مێردەکەی خۆم و ژنەکەم سەردانی یەک دەکەین..!!

# مردن..!



لە دوندی تورەییدا، پشکۆی خەندەیەکی گەشاندەوە و پێی گوتم: تۆ دەتوانی خەمەکانی ئەودیو خەنی بوون بخوێنیەوە..؟!
پێی گوتم: گەر دەتەوێ لە گریانەکانی ناوەوەی مرۆڤ بگەی، ڕاڤەی پێکەنینەکانی بکە..!!
پێی گوتم و پێی گوتم زۆر زۆری پێ گوتم..
دواجار ویستم بۆ هەموو پێ گوتنەکانی ئەو، قسەیێ بکەم، وەلێ بەر لە دوان، هەناسەیەکی خەست و هێمن سەراپای گیانی تەزاندم و بۆ هەتا هەتایێ کۆتاییم هات...!
ئەو نائاگا لە مردنی من، جارێکی تریش گوتیەوە: ئایا دەزانیت لەنێو ئەپارتمانە چەند قاتییەکان و خانووە هیچ قاتییەکان مرۆڤ دەژی، مرۆڤیش لەوپەڕی گەردوونەوە تا ئەوپەڕی، لە گۆشت و خوێن و ئێسقان پێکهاتووە..!
بەڵام کە زانی بۆ جەستەیەکی بێ گیان دەدوێ، بەوێنەی من هەناسەیەکی خەستتری هەڵکێشا و گوتی: مردن تەنها شتە کە پەی پێ نابەین و ناتوانین دەربارەی بئاخفییین ئائا خ خ خ.
لەپڕ ئەویش مرد..!
نووکە مردن ئیمپراتۆری دەڤەرە و کەس بۆی نییە لێی بدوێ..!!


یاخی
بوون

(بیابـان باوەشـی ناکـاتەوە بـۆ جۆگەلەکـانی وەرزی توانەوە).

تەواو..! ئیـدی ئەو زەمەنە بەسـەر چـوو..! تـازە شـەپۆلە سەرخۆشـەکان دەسـتەمۆ نـاکرێن و ئەویـش هەرگیز بیر لە گەڕانەوە ناکـاتەوە، ئەوەتە لە کەنـاری دەریاکە، لەم چۆڵەوانیەدا، کپ و مەنـگ دانیشـتووە و هەر سـترانی غەمگـین دەچـڕێ و جارجـارەش بە چـرپە لێوەکـانی لێکـدەدا و دەڵـێ: (لەم کەنـارە، کە دوامەنزڵگەی تەمەنمە، بەرگی بێ دەنگی و یـاخی بـوون و سەرسـەختی دەپۆشـم و زینـدانێ لە بەردی ڕق و تورەیی چێدەکەم و ناگەڕێمەوە).

ئەو کە تـادوێنێ میهرەبـانترین بـوونەوەر بـوو، ئاخاوتنەکانی دڵـی ئەو کـچ و کوڕە هەرزەکـارانەی پـڕ دەکـرد لە ئومێـد، کە لە دەوری گـرد دەبـوونەوە و بە تاسوقەوە گوێیـان لـێ دەگرت، هەمیشـە پێـی دەگـوتن:

(رۆژێ دێ لە ئەفسوونی ژیان دەگەن و دەپرسن، لە هەموو شتێ دەپرسن، بۆ وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێکیش دەیان جار دەمرن و زیندوو دەبنەوە).

کەچی هەنووکە، (ئەو) ئەو مرۆڤەی جاران نییە، ئێستا لێرە لەنێو سروشت هاوەڵی ئاو و بەردە، هەناسە لە درەختەکان دەخوازێ و ڕاز و نیازە پەنهانەکانیشی تەنها بۆ ئەو باڵندە نەورەسانە باس دەکات، کە ڕۆژێ چەند جارێک ڕوومەتی بێ شوختی دەریا ماچ دەکەن.. وەلێ جەخار زمانی ئەو و باڵندەکان زۆر لێک دوورن، هەر بۆیەش هەندێ جار نێوچاوانی گرژ دەبێ و لەبەر خۆیدا بەو پەڕی سادەییەوە دەڵێ: با ئێوەش تێم نەگەن، بەڵام هەرگیز ناگەڕێمەوە، ئاخر گەڕانەوە بۆ کوێ، بڕیار دەدەم مان لە دوان و ئاخاوتن بگرم، بەڵام ناگەڕێمەوە..!

بیابـان باوەشـی ناکـاتەوە بـۆ جۆگەلەکـانی وەرزی تـوانەوە و تەواو..! ئیـدی ئەو زەمەنە بەسـەرچوو..! تازە شەپۆلـە سەرخۆشەکان دەستەمۆ نـاکرێن و ئەویـش هەرگیز بیر لـە گەڕانەوە ناکاتەوە.

# من و ئەو



ئەو و مـن، مـن و ئەو، لە بیرکـردنەوە و ڕوانـین، لە پۆشـین و خـواردن و خـواردنەوە، تەنـانەت لە حەزمـان بـۆ جـۆری ڕەنـگ و بۆنیش لەیەک دەچین، لە یەکچوونێکی سەیر..!

ئەوە قسـەی مـن نیـیە، پیرەمێـردە سـەر ڕووتـاوەکەی سـەر شەقامەکە وای گوت..

سەیرە، زۆریش سەیرە، ئەوی لەوێ و من نە ناس، منی لێرە و ئەو نە ناس لەیەک بچین..! نا پیرەمێردەکە خەڵەفاوە، نە من لە کەس دەچم و نە کەس لە من..!

ئـاخر ئەو دەشـی گـۆ: ئەو وەک تـۆ، چـاویلکەی لە چـاودایە و سەری ماش و برنجە و وەک تۆش هەمیشە کاوبۆ و کراسێکی شین لەبەر دەکات، درێژەشـی پـێ دەدا و دەی گـوت: هەمـوو بەیـانییەک وەک تۆ دەچێتە کەنار ڕووبارەکە و بەدەم ڕوانینی ماسییەکانەوە، تێر تێر دەگری، هەر وەک تـۆش ئێـواران دەچێـتە نـاو بـاخچەکە و گەڵایەکــی زەرد هەڵــدەگرێتەوە و دوای تێــر بــۆن کردنــی بەدەم هەنسکی گریانەوە دەداتە قاقای پێکەنین.

مـن و ئەو، ئەو و مـن، لێـک دەچـین، ئەوە قسـەی مـن نیـیە، ڕۆژنامەیەک وای نووسی بوو.

ڕۆژنامەکە ئەوەشی ڕوون کردبوەوە، کە ئێمە هەرگیـز یەکترمـان نەبینیوە، چجای ناسیا و یان جمکەی یەک دایک بین..!

دواجـار هەرچـی دەهـات و پێـی دەگـوتم: کەسـێک هەیە لە تـۆ دەچێت، وەک تۆ بیردەکاتەوە و خەون دەبینێ و دەئاخڤێ، سـەیرە وەک تۆ لە ژێر ڕۆشنایی ئەستێران بەسێبەری سـەوزی درەختەکـان خـۆی دەشـوا و وەک تـۆش قاپێـک لە ئـارامی و چەنـد دەنکێـک لە فەریکە سێوەکانی خۆشەویستی خواردنیەتی...!



# ئازادیی

کاتێ بە هۆش خۆی هاتەوە، لە ژێر بەردە گەورەکە کەوتبوو، سەرێکی هەڵبڕی بینی تەپوتۆزی گوللە تۆپەکان کۆتایی پێهاتووە، هێزی دوژمن بەسەر شۆڕی گەڕاوەتەوە، دونیا کشوماتە و تاریکی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە، دەستێکی خستە سەر برینە خوێناویەکەی کە لە ژێر سنگییەوە بە وێنەی زۆنگاوێک خۆی دەنواند و ڕووی خۆی بەرەو ئاسمان وەرگێڕا، چاوی لەگەڵ ئەستێرەکان یاریان دەکرد، لەناکا و دەنگێک کەوتە بەرگوێی، بەزووترین کات هەموو هەستی بیستنی خستەکار.

گوێی لێبوو هاوڕێکانی دەیان گوت:

-دەزانی کاکە هەڵمەت هەر چەندە زیانیشمان لێ کەوت، بەڵام سەرکەوتنمان بەدەست هێنا.

+ ڕاست دەکەی کاکە هێور، سەرکەوتن لە هەموو شتێ گرنگترە.

هەرکە ئەم ڕستانەی بیست لە خۆشیان خەریک بوو دڵە گەورەکەی لەناو قەفەزەی سنگیدا باڵ بگرێ و بفڕێ، هەموو هێزی خۆی کۆکردەوە بۆ ئەوەی بە دەنگێکی بەرز هاوار بکات، بەڵام چەندی کردی نەیتوانی تەنها وشەیەک دەرببڕێت، خوێن لە لەشیدا بەرەو نەمان دەچوو، مردنیش لە دەوری دەخولایەوە بۆ ئەوەی هەلێکی لێ هەڵبکەوێ و کۆتایی بە ژیانی بێنێ، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و دەستێکی خستە بن سەری و بە یەکجاری خۆی لەگەڵ زەوی جووت کرد، چاوی بڕیە بەردە گەورەکەی تەنیشتی کە لە کاتی شەڕدا سودی لێ بینی بوو، پاش کەمێک بێ دەنگی، ئازار و بروسکە یەک لە دوای یەک ڕێچکەیان بەست، ئارامی لێ بڕا، دەیزانی خوێن لە لەشیدا نەماوە و دەمرێت، پاشان هاوڕێکانی لاشەکەی بۆ دایک و باوکی دەبەنەوە، بۆیە بیری کردەوە چ یادەوەرییەک لە پاش مەرگی خۆی بەجێبهێڵێ، ویستی ناوی خۆی بنووسێت، بەڵام ناو نووسین چ سودێکی

ئەوتۆی نیـیە، ویستی بنووسێت بە خواتـان دەسپێرم، بەڵام ئەمەشـی بەدڵ نەبـوو، لە پـڕ بیرێـک بە مێشـکی داهـات و پێـی گـوت بنووسـە (ئـازادیی) چـونکە ئـازادی وشەیەکی مەزنە و ئـاواتی هەمـوو مرۆڤێکـی دڵ و دەروون پاکە، بۆیە پەنـجەی خسـتە نـاو خـوێنی بـرینەکەی و بە خـوێنی گەشـی وشـەی ئـازادیی نووسـی، پـاش کەمێـک تێڕامان چاوی لێک ناو ماڵئاوایی لەو وشەیە کرد..!

**تێبینی:**

١ـ ئەم کورتیلە چیـرۆکە، لە ژێـر کـاریگەری کارەسـاتی شـەهیدبوونی پێشمەرگەیەک لە دۆڵـی (سـماقوڵی)دا نووسـراوە. سـاڵی ١٩٨٩ برادەرێـک لێی وەرگرتم و نـاردی بـۆ ڕۆژنـامەی هاوکـاری و بە نـاوی خـۆم (کەریـم غەفـور سـماقوڵی) بڵاوکرایەوە، بەڵام بە داخەوە دوای ئەوەی دەسـتکاری زۆری کـرا بـوو، لەسەریشـیان نووسـی بـوو پێشـکەش (بە شـەهیدانی قادسـیە)، ئەمەش بـووە جـێگەی نیگەرانییەکـی زۆر بـۆ مـن، ئەگەرچـی ئەوسـا تەمەنـم ١٧ سـاڵ تـێ نەپەڕی بـوو، بـاش سـەرم لەو مەسـەلانە دەرنەدەچوو..!.


Sotan
خاڵخاڵۆکەیەکی ماسۆشی

ئەوشۆ.. تا درەنگانێ، تا ئەو ساتەی خەو بەگوڕەوە گەمارۆی دام، هەر خەریکی تاوتوێ و ڕاڤەکردنی هێڵ و پنتە شاراوەکانی ڕووخساری تۆ بووم، ئەوەندە لە وێنەکەتدا ووردبوومەوە و ڕۆ چووم، تا نا ئاگا دەبووم لەوەی بەرامبەر وێنەیەک دانیشتووم..! هەستم دەکرد لەگەڵمدا دەدوێی و وەڵامی پرسیارەکانم دەدەیتەوە، کە پرسیارێکی تازەم لا دروست دەبوو، دەستم دەخستە ژێر چەناگەم و بە قووڵی بۆ شوێن بە شوێنی ڕووخسارتدا دەمڕوانی،

هەندێ جاریش کە بێ دەنگ دەبووی، ترسێکی گەورەت لا دروست دەکردم و لە خۆیی لوولدەدام، بە جۆرێ هەستم بە بچووک بوونەوەی خۆم دەکرد، لە بچووکیدا خۆم بەو خاڵخاڵۆکەیە دەهاتە بەرچاو کە لە منداڵیدا لێی دەپاڕاینەوە ماڵی خاڵمان نیشانبدات.

هەنووکە من ئەو خاڵخاڵۆکەیەم و توانای نیشاندانی ماڵی خاڵی کەسم نییە، ئەوەتا لە پانتایی چوار دیوارەکانی ئەم ژوورە بە دەوری تۆدا هەڵفڕ هەڵفڕمە، دواجاریش کە لە فڕین ماندوو دەبم، لەسەر تاڵێکی قژت دەنیشمەوە و بەبن گوێتدا دەچرپێنم:

(تۆدەزانی خاڵخاڵۆکەش هەست و چاو و زمانی هەیە..؟!!) لە خۆشی وەڵامدانەوەت کە زەردەخەنەیێ بوو، دووبارە دەکەوتمەوە فڕین و سەما،وەک شێت، وەک ئەوەی یەکێ بیەوێ خۆی لەناو بەرێت خۆم بە دیوارە ڕەقەکاندا دەکێشا و هەڵدەوەریم، دووبارە و سێ بارە هەڵدەستامەوە و دەفڕیم و دەکەوتمەوە.

نەم دەزانی بۆ حەزم بە ئازاردانی خۆم دەکرد، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەبێ بیسەلمێنم کە چەند خۆشم دەوێی و ئامادەشم لەم پێناوەدا گیان ببەخشم..!!

# حیکمەتەکانی پێڵاو



گەورە و بچووکی قەبارەی پێڵاو بە ژمارە جیا دەکرێتەوە، مرۆڤ لە هەر قۆناغێکی تەمەنیدا ژمارەی جیاجیای پێڵاو لەپێ دەکات، زۆرجار پێڵاوی تەسک و تروسک بووەتە هۆی بریندار بوون و پفکەکردنی پێ، چونکە ڕێگا سەخت و دژوارەکان، ڕێگا پڕ لە کەند و کۆسپ و دڕک و داڵەکان پێویستی بە پێڵاوی قایم و توندوتۆڵ هەیە، خۆ پێڵاوی ژمارە گەورەش لە کاتی ڕۆیشتندا هەنگاوەکان سست و بێ بڕیار دەکات.

مێژوو نیشانی داوە ئەو کەسەی بە پێڵاوێکی شڕ و شپڕێوەوە هەورازی چیایێک یان پانایی بیابانێکی بڕیووە، هەمیشە تووشی نشوستی هاتووە و نەیتوانیوە بگاتە مەبەست و مرازی خۆی، جا یان هەر لەوێ لە ڕێگادا لەناوچووە و کەس شوێنەواریشی نەزانیووە، یان بە هەنگاوی خوێناویەوە گەڕاوەتەوە..!

لە دونیادا چەندین ڕەنگ و جۆری پێڵاو هەیە، خەڵکی هەر ناوچە و وڵاتێک ئاشنای شێوە و ڕەنگێکن، هەریەکە و بەپێی حەز و ئامانجی خۆی پێڵاو لەپێ دەکات، هەیە حەز لە پێڵاوی ئەمریکی و بەریتانی دەکات، هەشە ئێرانی و تورکی و سعودی پێباشە، خەڵکێکی زۆریش هەن پێڵاوی زەمانی باپیریان لە پێدایە و قەتیش بیرناکەنەوە ڕۆژێ لە ڕۆژان بیگۆڕن و یەکێکی تر لەپێ بکەن، پێچەوانەی ئەوانەن کە هەر ڕۆژێ ڕەنگ و جۆرێکی دەپۆشن و هەر زەوقیان لێی نەما فڕێی دەدەن، ئەوان پێیانوایە گۆڕینی جۆری پێڵاوەکانیان لادانە لەداب و نەریت..!

سەردەمانێک تەنها یەک جۆر پێڵاو لەپێ دەکرا، قەدەغە بوو، بیر لە گۆڕینی جۆرێکی تر بکەیتەوە، هەتا ئەگەر زۆر پەرپوت بوایە و کەڵکی لە پێ کردنیشی نە مابا، دەبوو هەر ئەو جۆرە بپۆشیەوە، ئەگەرنا بۆت هەبوو بە پێی پەتی بسوڕێیتەوە، بەڵام نەدەبوو تخونی

شـوێنە گشـتییەکان بکەویـت، چـونکە بە گێرەشـێوێن و یـاخی لە قەڵەم دەدرای، خـۆ زۆرجـاریش لەم پێنـاوەدا دەبوو بە زۆر و زۆردارەکی پێڵاو لەپێ بکەیت، دەنـا یـان بە قوربانی چەند گوللەیەک دەکرای یان تا دوا تروسکایی ژیان بەند دەکرای..!!

خـوێنەری ئـازیز.. هەمـوو ئەو قسـانەی سـەرەوە، بەشـێک بـوون لە سـەربردەی ئەو کـابرایەی کە هەمـوو تەمەنـی بەپـێ پەتـی لە گەڕان و سـووڕان لەم سـەری دونیـاوە بـۆ ئەو سـەری سـەرف کـرد، کەچـی ئێسـتا لە سـوچێکی شـاردا دوکـانێکی دانـاوە و سـەرقاڵی (پـێڵاو) فرۆشتنە..!!


دەسگیرانەکەم

چاوەکانم لەسەر تاقی ژووره شێ گرتـووەکه له بۆسـه بوون، دڵیشـم له ژێـر کەرویـتەکه ڕاکشـا بـوو، "ئەو" نـا ئاگا له من، گوێ قوڵاغ ڕوو له دەرگـا هەڵتوتـا بـوو، له خەياڵی گەددە ژەهراويەکەی گوم ببـوو، له هيکـڕا، کـچه ئاويەکەی دەسگيرانم خۆی کرد به ژوور، سەراپای گيـانی له شلەی شەهوەت قوڵپی دەدا، خێرا ئاوقای يەکدی بوون و يەکتريان ماچپژێن کرد، بۆشايی نـاوەوەی ژوورەکه له ئەنجامی بەيەک گەيشتنی ئەو دوو جەسته فـێ گرتـووە، بوو بەيەک پارچه گڕ، چی پێ نەچوو، چاوەکـانم تنـۆک تنۆک بوون به ئـاو و بەسـەر تـاق و ديـوارەکه تـوانەوە، دڵيشم له ژێر دەست و پێی ئەواندا گەچراو لەبارچوو...!



# شيّت..؟!

بە سەرنجە تیژ و خەستەکانی، سەر لە ئێوارە تا بەیان، بۆ قوڵایی ئاسمانیماڵی ئەستێران، دەیڕوانی، شەوبێری لێ نەدەکرد، گشت لێی سەرسام بووین و هاتینە گۆ:

- نهێنی ڕاز و ئەوینی خۆی بە ئەستێران ئاشنا دەکات.

+ کوڕە بابە شێتە و پیشەیەتی، چوزانێ ڕاز و ماز چییە..!

لە سپێدەی وەرزێکی قەزوانی، لە تەک دیوارێ ڕەق ببۆوە، چاوەکانی هەر بە تاقی ئاسمانەوە بوون، لەنێو لەپی دەستیشی بە خەتێکی سوور نووسی بووی:

- ئەستێرەکان بە ناڕێکی بەسەر لاپەڕەی ئاسمان دابەش بوون، گردکردنەوە و دووبارە دابەشکردنەوەیان لە ئەستۆی من دایە...!



**خیانەت ..!!!**

سپێدە زوو کە لەخەو ڕابوو، نە شنە و شەهلا و شەهرام، نەگوڵە، کەسیانی خەبەردار نەکردەوە، پاچ و پێداویستییەکانی کاری هەڵگرت و بۆ مەیدانەکە کەوتەڕێ، بەڵام هەر وەک باقی ڕۆژانی تر کاری دەست نەکەوت..!

ئێوارە هەموویان لە چاوەڕوانی هاتنەوەی ئەودا بوون، بەڵکو ئێ ئەمڕۆ چۆتە سەرکار و هاکا بە دوو عەلاگەی ڕەشی پڕ لەمیوە و خواردن گەڕایەوە.

وەلێ کە درەنگەشەوێ بە جلوبەرگ و ڕووخسارێکی خاوێنەوە، گەڕایەوە ماڵەوە، هەموو ئەبڵەق بوون، کەبینیان لەجیاتی پاچ، کڵاشینکۆفێک و لەجیاتی چەکوش و پێداویستییەکانی کار، تاقمێ مەخزەن و چەند ڕوومانەیەک بەلاقەدییەوە بوو..!



سەرەڕۆ

چاوزەقی گرژ و مۆن، تورە و توونـد، بێ شـەرم و شۆ، کورەئاسا هەڵایساو، پتت لێدابا دەتەقی.

ــ ئەیـی خـۆ ڕەنـگ نیـیە خـۆی لێـدەی، وەک سـەگ دەڕشێتەوە..!

نەڕەشێرێکە بۆ خۆی، هەرکە نێچیر دەبینێ پەلاماری دەدا و شەقی دەکا، بە ڕاستی سەیرە، هێندە چاو نەترس و بزۆزە لە گوللەش نـاگەڕێتەوە، خـۆی دەکـا بە کـونی مـاریش..! ئەو ڕۆژەم لە بیرە کە شاڵاوی برد و خۆی خزاندە ناو دارستانەکە و ڕۆچووە خوارێ، ئەویش، لەسـەرەتادا شـەرمییەکی نوانـد، کەچی یەکسەر باوەشی بۆ شل کرد، هێشتا لە ئـامێزی گەرمـی دارسـتانەکەدا بـوو، چەنـد دڵـۆپە فرمێسـکێکی قەتیسـما و لەچاوی هاتنە خوارێ، کاتێکم زانـی لە هـۆقەی ڕشـانەوەیدا، بوورایەوە، پێڵوی چاوی داخست، خاوبوەوە، ئیدی نە گـرژی ماو نە تورەیی و هەڵچوون..

ــ ئەم بـوونەوەرە سـەیرە..! پیشـەیەتی لەوپەڕی هێـرش و حاڵیدا بێ، کەڕشـایەوە دەبێـتە مـرۆڤەکەی جـاران، بەڕاستی سەیرە..!!


ڕەشبگیر
30.7.2014

ئێوارەیێ، وەختێ تاریکی لە کونی دیوارەکانەوە، ڕژایەوە سەر شەقام، جوانکوژانی دونیای ڕەنگین، بێ شەرم و شۆ هاتن زێوانی گۆڕستانی خەونە غەریبەکانیان لە خاچدا، دوێشەویش، نۆرەی نۆژەنی دادگایی چەند حەزێکی پاییزی بوو، وەها بڕوا، دەبێ کاڵای ئاسنین بپۆشین و چاوەکانیشمان مس ڕێژکەین، ئەوسا هەر لاوکی بێ خەون و خەیاڵ، سەرگوزشتەی بێ ڕاز و نیاز بەیەکدی ئاڵووێر کەین..!!



# یازده بروسکه چیرۆك

## بروسکەی یەکەم

لە چاوتروکـانی وەرزێکـدا، کیسـەڵە ڕەشـبۆزەکانی جەنگ، بە دەسپێشخەری کوڕە بیژییەکانی نیشتمان، لە هیکرا، خۆیان کرد بە شار، وێڕا نەگەیشتین بەروبـارگەی خـونچە خەونەکـان بپێچیـنەوە، لە شـەوێکی شـومی باراناوی، سەری خۆمان هەڵگرت و جاڕی سەفەرماندا، بەسەر دوندە سەختەکانی قەدەر هەڵزنایین، کۆڵێ وشـە و شـیعریی جـوانیش بەبـن هەنگڵمـانەوە بـوونە هەویـر و توانەوە...!

## بروسکەی دووەم

ئاسمان پڕ بە گەرووی بۆ ناو کۆشی زەوی دەڕشێتەوە، دەڵێن زەوی دایکێکی بە ڕەحم و میهرەبانە، وەلێ پیس و پەڵۆخ و چڵکن..!

کوڕەکانی بێ نمەک و شەڕاوین، هەمیشە دەمەقرێی ئەوەیانە کامیان دڵسۆزترن بۆ داکە زەوی، ئەگەرچی داکە زەوی بە ناکۆکی نێوان نەوەکانی پەست و قەڵس دەبێ، کەچی زۆر جار هەر خۆی ئاگری کورەی نێوانیان خۆش دەکات..!

## بروسکەی سێیەم

لەنێو چوار لا دیواری ژوورەکەمدا، تاریکی سنووری نێوان تەنەکانی کێشاوە، بێ دەنگیم داگیرساندوە و بە هەویری مۆمەکان درزی دەرگاکەم گرتووە، لە پڕێکدا: تاریکی بە باڵای دیوارەکان توایەوە..

ئێستا، بە دووکەڵی جگەرە وێنەی دڵدارەکەم دەکێشم و دەرگاشم کردۆتەوە..!

## بروسکەی چوارەم

هەمیشە دەیویست وانیشان بدات، گەورە و بە توانایە و پەی بە هەموو شتێ دەبات، لە دانیشتنە گشتییەکاندا ڕستەی دروستکراوی قەبە قەبەی فڕێ دەدا، لەوەڵامدانەوەی هەر پرسیارێکیشدا نەختێ دەوەستا، ئینجا دەهاتە گۆ، (ئەو) ئەو کارانەی بۆ ئەوە دەکرد تا گرگنی و بچووکی ناوەوەی بشارێتەوە.

بۆیە کە هەندێ جاریش دەیزانی بەرامبەرەکانی بەوە دەزانن، تووڕە دەبوو، بە یەک دوو قسەی ناشیرین کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنا و هەڵدەستا و دەڕۆیی.

# بروسکەی پێنجەم

دەستت لە بینەقاقایێکدا توند کردبوو، دەستێکی تر توند بینەقاقای گرتبووی، لە نێوان دوو مەرگدا: مەرگێک کە خۆت دەی بەخشی و مەرگێکیش کە پێت دەبەخشریێ؛ ئاوێتەیەک بووی لە ئازار، نیوەت بەرائەت و نیوەشت شەڕ و شەڕانگێزی..!

## بروسکەی شەشەم

لەنێو منداڵدانی دایکمدا، سەرم مووی سپی لێ ڕوا و پیریەتی خۆی لە کاریتەی گەنجیەتیم لوولدا، بە چەند چرکە هەناسەیێ تورهەڵدرام و کۆتاییم هات.

ئەمێستا؛ لێرە لەناو ئێوە لاشەیەکی بێ گیانم، دەگریم و داوای تەمەنی نەبووی منداڵیم دەکەمەوە..!

## بروسکەی حەوتەم

لێرەوە ئافرەتی دووگیانمان بۆ ئەوێ بەڕێ کرد، لەوێ چوار لاشەی مۆمیاکراو، لەنێو تابوتێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی گەڕانەوە بۆ ئێرە..! لێرە.. چرای سەر گوفکەکان کوژایەوە، دیواری مەیخانەکان بە دەستی تیۆربازەکان سوور بوو.

ئێستا.. لەوێ ئافرەتەکان زان یان مردن..!

## بروسکەی هەشتەم

باران یەکەمین لاپەڕەی یادەوەرییەکانی خۆی هەڵدایەوە و زەمین فەرشی سووری خۆی بۆ پێشوازی ئەو دڵۆپە ئاوانە ڕاخست، کە نمایندەی ئاویان دەکرد.

هاوار و نزای چەترەکان لە عەرشی ئەم وەرزەدا، مەزنترین ئاژاوەی خوڵقاند، نووکە ئەم شەقامانە پڕن لە یادەوەری ڕژاوی باران و قینی قەترانی چەترەکان..!

# بروسکەی نۆیەم

پێدەکەنی و دەگریاو هاواری دەکرد؛ کە بێ دەنگیش دای دەگرت، ناوازەترین پرسیاری لا دروست دەبوو، بۆیە دەستی دەکردەوە بە هاوار و داد و فیغان، ئەو لەو پرسیارانە گەلەک دەترسا، کە ڕاپێچیان دەکرد بۆ نێو تونێلی بیرکردنەوەیەک دووڕیانی مەرگ و مان بوو، هەر بۆیەش بڕیاری دابوو هەمیشە پێبکەنێ و هاوار بکات، تا دەرفەتی ئەو پرسیارانە نەدات.

ئەو دەی گوت: (ئەی بێ دەنگی، مەرج بێت بێ دەنگ نەبم تا هەرەست پێدێنم و خاڵیت دەکەمەوە لە پرسیار..!

## بروسکە دەیەم

هێنـدە بـێ دەنـگ و کـڕ و مـات بـوو؛ تـاوای لێهـات ناوزەدیان کرد بە پیاوە کەمدووەکە، ئەو دەی گوت: (مرۆ لە بـێ دەنگییـدا بە وەڵامـی ئەو پرسـیارانە دەگـات کە سەراپای مێژووی بوونیـان هەراسـان کـردووە..) بۆیە بە یەکجاری مانی لە (گوتن) گرت..!

ئێسـتا بـێ دەنگتـرین بـوونەوەری سـەر ئەم گـۆی زەویەیە...!

# بروسکە یازدەم

دوو ڕێبواری ڕێگا ون، بە خۆ بە دوو ئەسپی ڕەسەن، بەڵام شێت..! بە ڕێگا خۆڵەمێشاویەکانی ئەم بیابانە وشکە تەی دەکەن، لەپی شەقاری بیابان چەندین جار هەڵیان دەلووشێ و تێر تێر دەیان جوێ و تفیان دەکاتەوە، هێندێ جاریش کاوێژیان پێ دەکات..!

مێژوونووسێ گوتبووی: ئەم دوو ڕێبوارە زەمانێ بیابان قوتی دان، بەڵام نەی توانی هەرسیان بکات، بۆیە لە بەرەبەیانێکدا لە هۆقەی ڕشانەوەیدا، ئەوانیش وەک ئەوەی نە بایان دیبێ و نە باران، کەوتنەوە بڕینی ڕێگا دوورەکانیان..!



# سەفەرە ماسۆشیەکانی
# پیاوێکی سادی

لەنێـوان چـوار دیـواری تەنگەسـتووری ژوورێکـی ڕەنـگ خۆڵەمێشـی بـێ دەرگـا، بـێ پەنـجەرە، تاریـک و تنـوک و گرمخاو، گۆڕ ئاسا، لێوڕێژ لە ترس و گومان و بێ ئومێدی، ژوورێک قوژبن و بنمیچ و کەلێنی دیوارەکانی چلورەی مەرگ و خوێنی گرتووە... هەناسە بڕکێتە..!

هەردوو دەستت ناوەتە بناگوێت و پڕ بە گەرووت دەقیژێنی، هـاوار دەکەیـت، نە کەس هەیە گوێـت لـێ بگـرێ و نەهـاوار و قیژەت دەگاتە کەس، قەڵەمەکەت پەیژەیەکی کۆنی شکاوە بە تاڵە مووەکانی قژت هەڵنابەستریتەوە، خـۆ ڕنیـنەوەش بـێ سوودە، وشـەکانت گەددەی دیـوارە برسـییەکان تێـر ناکـات و گوللە ئاسا لە ڕووی پۆڵا دەپوکێنەوە.

ئـاخر ئەم دیـوارە بـێ ڕەحمـانە چـی و کـێ نەمـاوە هەڵـی نەلووشن و ڕۆحی ناسک و پەپوولەیی نەگەچڵێنن..!!

((ئەی لەنێو ئەم ژوورە بێ دەرگا و پەنـجەرەیە چـاوەڕوانی چی دەکەیت، لەچی دادەمێنی و بیر لەچی دەکەیتەوە..؟!))

زەمانێ ئەو ڕاوکەرەی کە لەم سـەری ژیـانەوە بە دەسـت بە تاڵی گەڕایەوە، پێستی ڕووخسـاری خـۆی ئارایشـت کـرد و بە پڕتـاو هـات، کـولنگی درۆ و دەلەسـە و شـەهوەتی هەڵگـرت، هــات و دەلاقەیەکــی لە دیوارەکــانی ژوورەکەت کــردەوە و بە سـیمای لە فێڵگیـراوی چەنـد زەردەخەنەیەکـی بـۆ کـردی، سەرنجەکانتی لە قامکە ڕەشەکانی خۆی ئالاند و فریـوی دای، وەک چۆلەکە چنگێ گەنم، نا چنگـێ وشـە، چنگـێ وشـەی بـۆ

فڕێدای، ئەو وشانەی بۆ چەند ساتێ لە یاریکردنیان کردی، یاری خۆت و مشکە کوێرەکانی ناو ژوورەکەت، کە لە هەموو شتێ بێ ئاگایان کردی و ئەوەندە سەرقاڵیان بووی هێندەی نە مابوو لە سیفەتە جوانەکانی باڵندەیی بچیەوە، ئاخر هەر ئەو مشکە نابووتانە بوون نامە و یادگاریەکانی (ئەو)یشیان ونجڕ ونجڕ کرد..!!

ئێستاکێ دیوارەکانی ژوورەکەت بە دەلاقە چنراوە، سەوزایی دەوروبەریش دەبینی و سەرەدیقانێ لەگەڵ خۆر و مانگیش دەکەیت، کەچی لێ سەیرە خۆشحاڵ نیت، ئەوەنییە دەڵێیت: (ژوورەکەم لە قەفەزێک دەچێت و منیش باڵندەیەکی باڵکراوی بەندی ئەو قەفەزەم..!)

باڵندە پەڕ و باڵکراوەکەی ژووری تاریک و قەفەزی ڕووناک، بۆ چەند چرکەیێ بێ دەنگ بە، سەرت شۆڕکە و پێڵووی چاوە ماندووەکانت داخە، یارییە ساختەکانی نێوان خۆت و ئەو مشکانە ڕاگرە، گوێ ڕادێرە بۆ دەنگی پێی هەنگاوەکانی (ئەو) کە دەمێکە لەسەر سەرت لەسەربانەوە وەستاوە و هاتووە هەواڵی ڕووخانی ئەم ژوورە و هەموو ژوورەکانی تر ڕابگەیەنێ.

ئەگەرچی زۆر شەکەت و شپرزەیە، بە ڕێگا مینڕێژ و هەڵدێر و تاریکەکاندا هاتووە و قەف بە قەفی سنووری مەملەکەتە دوورەکانیشی بڕیووە، وەلێ پێکەنین و گریانی ئاسایین، ئارام و بە توانایە، هەموو باس و خواسێک دەزانێ، کلیلی ژووری بێ دەنگی تۆیشی لە گیرفانە و لە

زمانی هاواریشت دەگا، بێ ئاگاش نییە لە مێژووی دروست بـــوونی ئەم ژوورە و کـــردنەوەی ئەم دەلاقە ســـاختەیانە، ئەوانەش بــاش دەناســێ کە دەمــێ بەرد بــوون بــۆ هەڵنــانی دیوارەکـانی ئەم ژوورەی تـۆ و دەمێکـیش لە ناشـتنی تەرمـی خەونەکانــت زووڕنــاژەن و ئێســتاش ســەرگەرمی بۆســە نــا نەوەن.

ئەم چەنـد مانگێـک لەمەوبەر کەلەم شـارە هەگـبەی پـڕ لە ژانــوژواری تێکنــا و جــاڕی ســەفەریدا، یەکە یەکە دۆســت و ناسیاوانی خۆی بەسەر کردەوە و مانیفێستی ئەم سەفەرەی بۆ بەیان کردن، تـا لە ڕۆژێکـی پـڕ شـکۆ لەکەرنەڤـاڵێکی ڕازاوە، سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیشت.

تـۆ ئەو کـاتە هێشـتا بە نێـو ئەم چـوار دیـوارانە ئاشـنا نە ببووی و مێروولەیەکی لانەواز بووی بەر لە یەکەم هەنگاونـان لێی دەربووی، وەک قیسـپ لە بەردەمـی قـوت بـوویتەوە و بە چەند وشەیەکی سۆزدار ڕازیت کـرد ملـوانکە قەتـرانیەکەت لـێ وەرگرێ..!

مــن کە زۆر لە مێــژە لە نهێنیــیە شـاراوەکانی نــاخی ئەو گەیشـــتووم، هەردەم دەروازەی ڕاز و هەســـت و نەســـتمان لەڕووی یەکـدا والا بـووە و چەنـدین شـەو وەک دوو باڵـداری شەوفڕ بە نێو ئاسمانی ماڵی ئەستێرەکان دەفڕین و گوزەرمـان دەکـــرد، هەر بەدەم فـــڕینەوەش خەونەکانمـــان بـــۆ یەکتـــر دەگێڕایەوە و ڕاڤەی هەمەجۆرمان بۆ دەکردن، دەفڕین و پـڕ بە گەروو سـترانی شـادیمان دەچـڕی، سـەمامان دەکـرد و تلمـان

دەدا، تاشل و شەکەت دەبووین، ئەوسا خۆمان دەئاخنیە ژێر ساپیتەی یەکێ لەماڵە هەژارەکانی گەڕەک و تابەیانی کڕو کپ دەکەوتین.

((ئەی کە ماڵی گەڕەکە هەژارەکان ساپیتە و کون و کەلەبەر و بەردەلان و سەردەلانی زۆری تێدایە، کە دالدەی شیاون بۆ باڵندە پەڕاگەندە و بێ پەڕ و بێ لانەکانی شار)).

لەگەڵ یەکەم تیشکی خۆری سپێدەش دەهاتینە دەرەوە، هەر بە چاوی خەوالووەوە پێستی پشتی شەقامەکانمان قەشاویش دەکرد تا هەنگاوە نەبانەکانمان هەرەتە نەکات. بۆیە زۆر ئاسایی بوو کە لە ئان و ساتی ڕۆیشتنی، لە ئاقاری دەرەوەی شار، لە بەردەمی چەقیم و توونـد بەرۆکیم گرت، خۆم خزاندە ژێر باڵیەوە و بە بن گوێیمدا چرپاند:

- بڕۆ هاوڕێم، نهێنییەکان (کە تۆ بە پیرۆزیان دەزانی) لەگەڵ خۆتدا بپێچەوە و بڕۆ و بیر لە گەڕانەوە مەکەوە.

+ نهێنییەکان گەورە و پیرۆزن، بۆیە دەبێ هەر بگەڕێمەوە.

ماڵئاوایی کرد و ڕۆشت، نانەبەرەی پەیڤ و بەڵێنەکانی لە مل کرد و دوور کەوتەوە و لە چاو ئاوا بوو، قەدەرێک بێ سەر و سۆراخ مایەوە، ناحەزانی کەوتنەخۆ، وایان بڵاوکردەوە کە ئەمە سەفەرێکی ئەبەدییە و تەواو، هەمیشەش دەهاتنە لات و دەیان گوت: (پەیمان و گۆتەکانی ئەو کەفی سەر ئاو بوون، ئیدی ناگەڕێتەوە).

تۆ هێندە ساویلکە و خۆش باوەڕ بوویت، خەریک بوو باوەڕیان پێ بهێنی، کەچی لە پڕ هەواڵی گەیشتنی یەکەم

نـامەی، ئەندێشـە پووچەکـانی ئـاوەژوو کـردەوە، ئاهێکـت بە بەرداهاتەوە و بەتووندی لۆمەی خۆت کرد، خێرا سێ و دووت لـێ نەکـرد خـۆت گەیانـدە بەردەم پۆسـتەچی و نـامەکەت لـێ وەرگـرت، هێنـدە پـڕ حەسـرەت بـووی، تەنـانەت ستایشـی ئەویشـت لـە بیرچـوو، نـامەکەت هەڵپچـڕی و ڕۆچـوویە ڕاوی مانای وشە و دێڕەکان:

(ئەگەرچی من شانازی بە کەوڵ و کاولم نەکردووە و ناکەم، وەلێ نهێنییەکانی بەند بوونم بەم شارە مەزنن و هەنگاوەکانم سندم دەکەن، چاوەڕێ بە هاکا گەڕامەوە).

وەرزە غەمبارەکان باوێشکیاندا و سـەرە خەوێکیـان شـکاند، ڕەوە هەورە دژوونەکانیش بـۆ چەنـدین جـار ڕوونیشـتنە سـەر زەوی و تەوێڵی خـاک و درەختەکانیـان مـاچ کـرد و فـڕینەوە، (ئەم)یش لـەگەڵ یەکەم چەخمـاخە برووسـکەی شـەوی شـوومی ئەو زستانە پڕ ئاشوبەیە، بە نهێنی بـێ ئەوەی حەس حەس و یاساوڵەکانی تاریکی پێبزانن گەڕاوە و خۆی کرد بە شاردا.

ئەوەتە ئێستا لـەسەر گوێی بـانی ژوورەکەت وەسـتاوە و پـڕ بە گەروو بە هێمنـی گـۆرانی دەڵـێ و هـاوار دەکـات، هـاوار دەکات: (با کاسەی ئەو هەموو بێ دەنگییە ورد و خاش کەیـن، ئەو هەمـوو دیـوارانەی لە نێـوان ئێـرە و ئەوێـی "ژیـان" هەڵچنراون بڕوخێنین).

هاوار دەکات و دەڵێ: (با چاوەکـانی مێـژوو خـاڵی کەیـنەوە لە قەلەشـەیتانۆکەکانی خورافیـات. کەلـلەی شـەتەک درا و جیاکەینەوە لەو جەستە لەرزۆکانەی تەنها بۆ خۆیان دەژین).

دواجــار بە تــۆش دەڵــێ: (ئەی باڵنــدە ئــاوییەکە، ئەوەتە گەڕاومەتەوە، ڕاچڵەکێ.. ڕیسی گومانەکانت خـاوکەوە، ئەم قەفەزە قوڕینە لە خۆت داماڵە و لە نێوان ئەم چوار دیـوارانە وەرە دەرێ، ڕابە دەی، ئاسمان ئامادەی فڕینی ئێمەیە..).

وەلــێ تــۆ لێــوان لە گومــان و نیگەرانــی، دەسـتت نــاوەتە بناگوێت و پڕ بە گەروو هـاوار دەکەیت، دەقیژێنـی، نە کەس هەیە گوێت لێ بگرێ و نە هاوار و قیژەت دەگاتە کەس.

ئاسمان ئامادەی فڕینە و ئەویـش بە دوو بـاڵی ئـاگرینەوە، کە خــوێنی مێژوویــان لــێ دەتکــێ، بە ســیمای شــێواو و شەکەتەوە کە تۆز و خـۆڵی سـەدەکانی لـێ هەڵدەسـتێ جـاڕی فڕین دەدا. ئەو نا ئاگایە لەوەی کەتۆ ئێستا نە ئەو باڵندە پڕ لە میهر و جوانەی جارانیت، نە گۆشت و خـوێن و ئێسقان..! ئێسـتا تـۆ گـابەردێکی بـێ گیـانی نووسـتووی نـاو ئەم چـوار دیوارە ڕەشانەی، نەسـاردی و گەرمـی وەرزەکـان، نە بانـگ و هــاواری ئەم ڕێبـوارە ڕەنـگ و ڕووت پـێ نـاگۆڕن و خەیـاڵە دۆنکیشۆتیەکانت لێڵ ناکەن.

((ئەمەیان دوڕیانی کارەسـاتە، دە خـۆت بڵـێ چـی وای کـرد تۆی سەرتۆپی باڵندە جوانەکان ببیتە گابەرد، گـابەردێکی بـێ گیـان))

تۆ تەنها ئەو کاتە باڵندەیەکی جوان و ڕەنگین بوویـت، کە هۆگری خۆر بوویت و خۆت لە تیشکە زێڕینەکـانی لوولـدەدا، شـــەوانیش داڵـــدەی ئەو ئەســـتێرانەت دەدا کە لە یاســـا بازنییەکـانی ئاسـمان نـا ئومێـد و تەرە دەبـوون، وەلـێ کە

خۆرت لە خۆت تۆراند، تفت لە ڕووخساری مانگ کرد و پەلارت گرتە ئەو جووتە کۆترە غەریبەی کە لە دیوی دەرەوەی ژوورەکەت بوون و لانەکەیانت تێکوپێکدا، نەفرەت.. نەفرەت، لە هەموو لایەکەوە بەر دەستڕێژی نەفرەت کەوتیت، نەفرەت باران کرای، نەفرەت لەئاسمانەوە نا، لە هاوڕێ و هەوادارانی مانگ و خۆر و کۆترەکان، هێدی هێدی ڕووتایتەوە، سۆمای چاوەکانت ڕژان و کوێر بوویت، لەپەل و پۆ کەوتیت، خوێن لە دەمارەکانتدا وشک بو و گیانتدا..!! لە ژێر هەتاوی ئەم خۆرە، خۆری هاوەڵی دوێنێ و نەیاری ئەمڕۆ، مایتەوە، ڕەق ڕەق بوویت، بووی بە بەرد، بەردێکی گەورە، لە شێوەی پەیکەری گا، بۆیە ناوزەدیان کردی بە گابەرد...!

لە ژێر چەتری حوکمی قەرەقۆشیانەی گابەردەکانیش مرۆ بۆشکەیەکی خۆرکاوی خاڵییە لە هەموو هەست و نەستێکی ئینسانی، بە ئەنقەست بە دەستی شەقار شەقاری باغەوانە جوانپەرستەکان، کێڵگەی گوڵ بە قەڵەمی دڕک موتربە دەکرێت، بە فەرمانی پاشایێکی کوێری هێڕ و وێڕ چەندین خەون بە کۆڵ ڕۆحیان لە جەستە جیادەکرێتەوە، لە ژێر ئەو چەترە ڕەشانە شتەکان لە بەها و مانا دادەچۆڕێن و کەس نامێنێ هەناسەدانی ئێوارەی شتێک بە بەیانی ببەخشێ، ئەوسا گابەردەکان کە بێ دڵ و چاو و هەست و گوێن، دڕدۆنگی دەبەشنەوە و شایلۆغانی بە بەرد بوونی مرۆڤ ساز

دەکەن و دەکەونە وێــزەی گیــانی ئەم خەڵــکە، خەڵکــێ کە پێخوست و پێمرقەی کۆشکی میر و پاشا گابەردەکانن.

((گابەردەکـان موقەدەسن و خەڵاتـی ئاسمانن، بـۆیە دەبـێ بەردەکان ئەو ڕاستییە لەبیر نەکەن)).

ئێستا تۆی گابەرد، گەرەکتە لەو مشکە کوێر و نابووتـانە، لەشـکرێکی بەهێـز دروسـت بکەیـت و جیهـان نغـرۆی خـوێن بکەیــت..! ئەوەتــا جــاڕی جەنــگ دەدەی و لە بەردەم ئەو مشکانەدا تەراتێن دەکەی و دەڵێی:

(چەک و تفاقی جەنـگ ئامـادەکەن، تفەنگەکـان پـاککەنەوە، مارشــی ســەربازی بـژەنن، بـۆنی بـاروت بپـرژێنن، جەژنە جەژن.. جەژنی جاڕدانی جەنگێکی دی).

جەنگــێ کە نە لە هەڵگیرســاندنیدا و نە لە ئــاگربەس و وەستانیدا هیچ هۆ نییە..!

((ئەمەشیـان دووڕیـانی کارەسـاتە، ئەم جارەشیان دەخـۆت بڵێ چی وای کرد تـۆی باڵنـدە ببیـتە گـابەرد و دوایـش ببیـتە جەنەڕاڵ)).

جەنەڕاڵێکی ناخ گابەردی ڕوو باڵندە، جەنەڕاڵێکـی دڵڕەقـی جەنگ، جەنگی ڕەش ڕەنگ کردنی گوڵەگەنم و ڕەشکردنەوەی لاپەڕە ســپییەکانی مێــژوو بە بــێ مەبەســت، جەنگــی خۆشەویستی، خۆشەویستی سارد..!.

مێژووی جەنەڕاڵیەتیت دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئاشنا بوونت بەنێو چوار دیوارە قوڕینەکانی قەفەز، ئەو کـات منـداڵ

بووی و دەولاچکەی سەرکردە سووپایەکانت دەکردەوە و دەت گوت: (حەزم لێیە ببمە جەنەڕاڵێکی جەنگ..!).

ئەوکات و ئێستاش لات گرنگ نەبووە و نییە ببیە جەنەڕاڵی کامە جەنگ..!

هەر ئەو کاتەش ناسنامەی هەرەس و جەنەڕاڵیەتیت ئاشکرا بوو، کە دەفتەری یاداشتەکانت منداڵێکی چەتوونی گوڵەبەڕۆژەفرۆش هات و بردی و کردی بە کاغەزی گوڵەبەڕۆژەفرۆشتنی چەند ڕۆژێکی، لە یەکێ لە لاپەڕەکانیدا کە کەوتبووە دەستی شێتێکی سەرشەقام و بۆ خەڵکی دەخوێندەوە، بێ سڵەمینەوە لە ئایندە بە ڕاشکاوییەوە نووسی بووت:

**لەولاتی من عەشق ونە**
**ڕووناهی لەتاریکستانا گۆڕی بۆ هەڵکەنرا**
**ئاو لەتینوانا کڵوکۆی دامرکایەوە.**

عەیامێک بوو چاویلکە قەترانیەکەی هەڕەتی سەرکێشی ئەم، هەموو شتەکانی ئاوەژوو دەکردەوە، لەوپەڕی تافی بێداری جڵەوی ئەسپی (با)ی توند دەکرد و بەسەر ڕکایی چیا سەختەکانی قەدەر پێکی هەنگاوی هەڵدەدا..خۆی گوتەنی: (یاخییەکی هەرزە و منداڵێکی شێتۆکەی عەشق بووم). ئەمڕۆش کە لەو سەربانەوە بەدەم چاوەڕوانییەوە، ئاوی پێیانی چوو، تێگەیشت ئیدی هەموو شتەکان تەواو بوون و

ئەم سەهوو بوو، هەڵەی چاو بوو، شتەکانی بەرەواژ نیشاندەدا..!

ئاخر چاو تەنها دەرەوەی شتەکان دەبینێ و دەشێ هەڵە بکات، کە هەڵەشی کرد، هەستەکانی تریش لەگەڵ خۆیدا پەلکێش دەکات.

بۆیە بێ دوو دڵی و گومان، قەڵەمەکەی لەسەر بەرکی دەرهێنا و بۆی نووسیت: (باڵندە پەڕ و باڵکراوەکەی ژوور و قەفەز، گابەردی خەوتوو، جەنەڕاڵە دۆڕاو و دەم دەمیەکەی جەنگ، پێڵوە ژەنگاویەکانت بۆ هەتاهەتایی کلۆمدە، هەڵەبووین، تۆراپیانە سەرچیخ چوو بووین، تازە، ئەستەمە لە ژێر ئەو گەواڵە هەورە ڕەشە، لەنێو تۆڕی ترس و گومان و نیگەرانی، لە چاڵی چاوی وەرزەکانی ئەم دەڤەرە دۆڕاوە، ئەستەمە لە پەیامی ئەو هۆنراوەیە بگەیت کە خۆت نووسیووتە و گفتیشت داوە لەکۆڕی چلەی ماتەمینی خۆتدا لەنمایشێکی سەربازی گەورەدا بیخوێنیەوە، ئەستەمە، بەڵی زۆریش ئەستەمە لەم هەرێمە نابووت و چەواشەیە، کە ئەقڵ خەساوە و شارستانیەت ژەنگی ناولەپی ڕۆژگارە، خامە خانەی تفەنگە:

نەلەخۆت کە: (...............................)

نەلە من کە: (...............................)

.........................................بگەی...!

به هەڵەداچوومەوە، ئێستا تۆ پێویستت بە تێگەیشتنی هیچ نییە، جەنەڕاڵی و خاوەن هێزی، سەگ و سوارێکی زۆریشت لە دەورەیە.

نیگەرانیش مەبە کە چنگت بە خوێنم سوور نەبوو، فەرموو بەلاغی سەرکەوتن بخوێنەوە.

قەڵەمەکەی خستەوە نێو بەرکی و جانتاکەی لەشان کرد و بێ ئاوڕدانەوە و دوودڵی ملی ڕێگا دژوار و سەختەکانی گرتەوە بەر، ئەم جارەیان باوەڕی بە پیرۆزی نهێنییەکان نەماوە و هەنگاوەکانی ئازادن، بۆیە یەکجارەکی ماڵئاوایی لە هەموو شتێ کرد، بەدەم ڕێگاوە تا ئاودیوی ئەو دیو سنوور بوو، لەبەر خۆیدا دەی گوت: (تف لەشەڕ و ئاشتی ئەم وڵاتە..!).

تۆ کە نامەکەی ئەمت گەیشتە دەست، خەریکی گەلاڵەکردنی بەیانی سەرکەوتنی جەنگ بووی، ئەو جەنگەی کە هێشتا دەستی پێ نەکردووە، نامەکەت وەرگرت و دەستت کرد بە خوێندنەوەی، لەنیوەیدا، پێکەنینێکی شێتانەت لێ بەرز بۆوە، کە هەموو پاسەوان و خزمەتکارەکانت لێت سەرسام بوون، هێور بوویتەوە و بەیانەکە و نامەکەی دەستت پارە پارە کرد، هەستایتە سەرپێ و دووبارە دەستت کردەوە بە پێکەنین لەگەڵیشیدا: (هیچ گومانی تێدانییە کە من شێتم، نازانم بۆچی خەڵکی شێت دەبن و پەیمان و پرۆتۆکۆڵ لەگەڵ شێتاندا دەبەستن).

ئەگەرچی بە گاڵتەوە ئەم قسە بێ سەر و بەرانەت کرد، وەلێ ڕاستی کەسایەتی تۆ ئەمەیە، تۆ شێتیت، شێتیەتیش جۆرێکە لە نەخۆشی، کەواتە تۆ جەنەڕاڵێکی نەخۆشی، ئەگەرچی جەنەڕاڵیەتی خۆی لەخۆیدا نەخۆشییە، مانەوەت لەبوونی جەنگ دایە، ئێستا جەنگ لای تۆ هەناسەدانە، ژیان و بەردەوام بوونە، ئەوەتە لەشەڕێک نایەیتەوە، نەخشەی شەڕێکی تر دادەڕێژی، شەڕ، شەڕ دەکەیت و بەسەری لووتەوە بەسەر بازەکانیش دەڵێی: (هەر بەئارەقەی نێوچاوانتان تفەنگەکان چەورکەن). سەیرە شەڕ دەکەیت و لە هەموو شەڕەکانیشدا گەورەترین دۆڕان بەدەست دێنی، لە کۆتایی هەر دۆڕانێکیشدا لە بەردەم سەربازە کلۆڵە چاو جیقنەکان بۆ ئەوەی بیسەلمێنی براوەی و نەدۆڕاوی، قاقا پێدەکەنی، پێدەکەنی، تاشل و شەکەت دەبی هەر پێدەکەنی، ئەوسا چاوەکانت ڕەپ دەبن و ئەو جگەرەی کەتا ئەو دەمە دات نەگیرساندووە، فڕێی دەدەی، بە هێمنی بەڵام لەوپەڕی تووڕەیی و بێ ورەییدا دەڵێی: (دەبێ جارێکی دی بەرگی ڕق و یاخییەتی بپۆشمەوە).

بەڵێ واش دەکەیت، ئەم جارەش خۆ تەیار دەکەی و سەربازەکانت (مشکە کوێر و نابووتەکانت) گل دەدەیتەوە و دەچییەوە مەیدان، جەنگێکی دی بەرپا دەکەیت..!

جەنگ ⟵بۆ جەنگ ⟵جەنگ بۆ دۆڕان ⟵دۆڕان بۆ جەنگ = هەمیشە جەنگ...!!.

# فەرهەنگۆك

| | |
|---|---|
| دەب دەبە | میزەڵان |
| کورژ | هاتنەوەیەکی مرۆڤ لەسەرماندا، بچووکبوونەوە. |
| کرف کرف | دەنگی سوتانی دارودرەخت و پوش و پەڵاش بەهێواشی |
| ساکەگۆڕ | تەختایی، گۆڕەپان |
| بەڕۆچکە | شوێنێک بەردەوام خۆری لێبدات |
| پفکەکردن | هەڵئاوسان، تلۆقەکردن |
| تخون | نزیک |
| تخوب | ناوەن، نێوان، سنوور |
| گوفک | کۆبوونەوەی زبڵ و خاشاک لەشوێنێکدا |
| ژان و ژوار | ژان و ئازار |
| کاول | رماو، خانووی بەسەریەکدا ڕووخاو |
| ماسۆشی | نەخۆشییەکی دەروونییە، مرۆڤ لەئازاردانی خۆی لەزەت وەردەگرێت |
| سادی | پێچەوانەی (ماسۆشی)، بەئازاردانی کەسی بەرامبەر، لەزەت وەردەگرێ و دەحەسێتەوە. |
| تەنگەستوور | قەڵەو، قەد ئەستوور |
| قوژبن | گۆشە، پەنا، قوڕنە |
| کولنگ | پاچ، قازمە |
| قامک | پەنجە، ئەنگوست |
| سەرەدیقانێ | سەرەتاتکێ |
| هەڵنان | هەڵچنین |

| | |
|---|---|
| ساپیته | ژێرسوانده، ژێر گوێسوانه |
| سەردەڵان | شیپان، سەردەگا |
| بەردەڵان | بەردەرگا |
| قەشاویش | ڕەنەک، خوراندنی پشتی ئەسپ |
| نەبان | نامۆ، کاتێک ئاژەڵێک بێچووەکەی خۆی ناناسێتەوە |
| دەربوون | قوت بوونەوە، هەڵتۆقین |
| قیسپ | دارێکە بۆ دروست کردنی پەرژینی ئاژەڵ بەکاردێت |
| نانەبەرە | سەرشیرە، هەگبە، کەشکۆڵ، خورجێن |
| قەدەرەک | ماوەیەک، سەردەمانێک، دەورانێک |
| دژوون | چڵکن، دژوێن، قڕێژاوی |
| سەرتۆپ | سەرکردە، ڕابەر، سەرۆک |
| بۆشکە | بەرمیل |
| پێخوست | ژێر پێیان، شوێنێک کە هەمیشە هاتووچۆی لەسەر بێت |
| پێمرقە | پەیژە، پێبرقە، پێپلیکانە، پلیکانە |
| دەولاچکە | لاسایی کردنەوە |
| رک | هەورازێکی سەخت |
| هەڕەت | تۆغیان، پێگەیشتوو، عازەب |
| بەرەواژ | پێچەوانە |
| سەرچیخ | روشاو، کاتێک فیشەکێک تەنها بەشی سەرەوەی پێست دەگرێت |
| ڕەتی برد | کەوتن بەخێرایی بۆ پێشەوە |

# کتێبە چاپکراوەکانی
# مەڵبەندی گشتی- یەکێتیی نووسەرانی کورد

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر |
|---|---|---|
| ١ | وێستگە سەرەکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد | |
| ٢ | بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نووسەرانی کورد | |
| ٣ | انطولوجيا الشعر الكردي | د. هیمداد حسین |
| ٤ | انطولوجيا القصة الكردية | د. هیمداد حسین |
| ٥ | غمنوای کوهستان — داستان کردی | دکتر همیداد حسینی |
| ٦ | ڕەنگدانەوەی کەلەپور لەرۆمانی کوردیدا | د. ئیبراهیم حەسەن |
| ٧ | ڕەنگدانەوەی لەیلاو مەجنون لەئەدەبی کوردیدا | د. خانزاد عەلی قادر |
| ٨ | شارێك لە پێشوازی عەشقێکی نامۆدا — چیرۆك | سەبا ئەحمەد |
| ٩ | ڕۆژنامەوانی کوردی شاری هەولێر– ١٩٣٥–١٩٧٥ | عەبدوڵڵا ئەنوەر (سمکۆ) |
| ١٠ | قصائد من غناج الطاووس و شرارة الغرنوق | ترجمة: محمد حسين رسول |
| ١١ | هونەری ژیاننامەی خودی لە ئەدەبی کوردیدا | نیعمە قەرەنی |
| ١٢ | بولێڵ — کۆمەڵە چیرۆك | سەردار گەردی |
| ١٣ | بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی–دا | د. فەرهاد قادر کەریم |
| ١٤ | شیوەهای روایت در داستانهای کوتاه — جلال ال احمد و حسین عارف | رۆژگار محمد صابر |
| ١٥ | تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانەکانی عەبدوڵلا سەراجدا | ڕێزان رەحمان خدر |
| ١٦ | فەلسەفەی شیعر و شیعری فەلسەفی بە نموونەی شیعرەکانی رەفیق سابیرو کەریم دەشتی | د. سەنگەر قادر شێخ محمد |

| | | |
|---|---|---|
| ١٧ | بنية المكان في روايتيي الجحيم المقدس و هيلانة | سالار تاوگوزی |
| ١٨ | الاديب ابن المستوفي وزير اربيل | د. عثمان امين صالح |
| ١٩ | بنیاتی هونەریی حەیران | ئەحمەد قەندیل |
| ٢٠ | الرحيل الدامي — حمەكریم عارف– روايه | ت: جلال زنگابادی |
| ٢١ | لەتێ پیاو — چیرۆك | مەهاباد قەرەداغی |
| ٢٢ | زوجات (خليفة) الفاتنات — مجموعة قصصية | ت: مكرم رشيد الطالباني |
| ٢٣ | شێواز لە کورتە چیرۆکی نوێی کوردیدا | د. سەلیم رەشید |
| ٢٤ | الفضاء الروائي عند سليم بركات | د. شاكر سابير |
| ٢٥ | سی ساڵ شیعر– دوو بەرگ | سەباح رەنجدەر |
| ٢٦ | سترانی شەپۆلەکان — شیعری نوێی فارسی | و: ئەمین گەریگلانی |
| ٢٧ | دیوانی کەریم دەشتی– کۆ شیعر– سێ بەرگ | کەریم دەشتی |
| ٢٨ | ڕۆمانە شیعر مێژوو سەرهەڵدان | عەبدوڵڵا رەحمان |
| ٢٩ | سکاڵا لە پایز ئەکەم | و: ئاوات حەسەن ئەمین |
| ٣٠ | سترانێن پەلا– دوو بەرگ | عارف حیتۆ |
| ٣١ | شەبەنگی شینی ژمارەکان – شیعر | هاشم سەراج |
| ٣٢ | خوێندنەوەی پەراوێز پەراوێزی خوێندنەوە | عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا |
| ٣٣ | ئەزموون لەنێوان شکست و داهێناندا | فەرەیدون سامان |
| ٣٤ | الطبيعة بين السياب و گۆران | د. لطيف محمد حسين |
| ٣٥ | فنارات نقدية في الرواية الكردية | د. عادل گەرمیانی |
| ٣٦ | کۆی کورتە چیرۆکەکانم | د. عەبدوڵڵا ئاگرین |
| ٣٧ | چیرۆك و نامەی ڕاڤەکردن | و: سەنگەر زراری |
| ٣٨ | ژمارەو رەنگەکان — شیعر | پەسار فایەق |
| ٣٩ | هەولێر — ڕۆمان | شێرزاد هەینی |
| ٤٠ | فەرهەنگی زمانی شیعر و چەند خوێندنەوەیەکی دیکە | زانا خەلیل |

| | | |
|---|---|---|
| ٤١ | کاریگەری شاعیرانی کلاسیکی کورد لەسەر یەکتریدا | د.عەبدوڵڵا خدر مولود |
| ٤٢ | کتێبی سەر دەریا – شیعر | نەوزاد عەلی ئەحمەد |
| ٤٣ | کۆمەڵە شیعر (٨) قەسیدە | فەرید زامدار |
| ٤٤ | Rewnama Or The Book of Migration - Abdullah Sarraj | و: محمد حسين رسول |
| ٤٥ | Bi Pê Şopa Azadiya xwe Dikevim | لقمان محمود |
| ٤٦ | رامانی پاك لە تەنیاییدا – شەش دەقی شانۆیی | موحسین محەمەد |
| ٤٧ | فیستیڤاڵی نەتەوەیی شیعری کوردی | لێژنەی رۆشنبیری |
| ٤٨ | The Elegy of The Mountain – By Kurdish Authors Selection and Introduction By: Dr.Hemdad Hussen | Tr: A.Ne'mati- Huda M. Sailh- J. Azodi- Luqman Asih- Shamal Akrayi |
| ٤٩ | کرێمستی – رۆمان | کەریم کاکە |
| ٥٠ | مذكرات ميت قصص – اسماعيل هاجانی | ت: سامي الحاج |
| ٥١ | یادداشتەکانی پیاوێکی لەبیرکراو – کۆ چیرۆك | حەسەن جاف |
| ٥٢ | رەهەندی دەروونی لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا | د. هاوژین صلیوە |
| ٥٣ | تێکست و دیدگا | شوان سەرابی |
| ٥٤ | پیرشالیار – رۆمان | حەمەکەریم هەورامی |
| ٥٥ | دیوانی مەهاباد قەرەداغی | مەهاباد قەرەداغی |
| ٥٦ | از کجا تا بەکجا؟ هیمن مکریانی | ت: محمد سعيد نجاری (ئاسۆ) |
| ٥٧ | مە چ دڤێت وان نەڤێت – هوزان | ئەحمەدێ زەرۆ |
| ٥٨ | سەما و ژڤانەکێ نە چاڤەرێکری – کورتە چیرۆك | عصمەت محەمەد بەدەل |
| ٥٩ | لە بەرزاییە یەکانی مەزرا بۆتانەوە... – شیعر | ئازاد کەریمی |
| ٦٠ | گومان و بەدگومانی | و: عەبدولرەحمان مەعرووف |
| ٦١ | مەتارە – چیرۆك | و: د. هیمداد حسێن |
| ٦٢ | کڵاوی با بردوو – تێکستی ئەدەبیی میللەتان | د. ئیدریس عەبدوڵڵا |
| ٦٣ | زمانی گڕ – دیوانی عەبدوڵڵا پەشێو بەفارسی | و: رەزا کەریم موجاور (تاپۆ) |

| | | |
|---|---|---|
| ٦٤ | سەرپەڕەکانی هیچ — شیعر | م. سامالٚ ئەحمەد |
| ٦٥ | Kurê safa re'nayê | Enwer Mihemed Tahir |
| ٦٦ | راسپاردە — شیعر | جەعفەر شێخولیسلامی |
| ٦٧ | دیوانی ستار ئەحمەد — شیعر | ستار ئەحمەد |
| ٦٨ | Gulistan and the Night - Hasan Slivani | T: Ahmed Khalis Al-Shalan and Ghayda Ali Al-Faisal |
| ٦٩ | هندەك ژ وە و هەموو ژ من — شیعر– دوو بەرگ | هزرڤان |
| ٧٠ | هاوماڵەکان– ئەحمەد مەحموود– رۆمان | و: حەمەکەریم عارف |
| ٧١ | لەبەردەم جوانیدا | و: ئا: حەمە عەباس |
| ٧٢ | هاوڕێی حکومەت | و: تاهیر عوسمان |
| ٧٣ | پشوو لە لێوارەکانی تەمەنا | ئاوات حەسەن ئەمین |
| ٧٤ | نەوەیەك بەتەنیشت نیگەرانی و گوناه و خەونەوە | بەرزان هەستیار |
| ٧٥ | نە تۆ مایتەوە، نە باران | ژاوێن شاڵی |
| ٧٦ | پێنج سەفەر، وێنەیەك | فەرۆخ نێعمەتپوور |
| ٧٧ | گەڕان بەدوای ئەفسانەدا | پیرداود مەخمووری |
| ٧٨ | هندەك ڤەکۆلین ل دۆر فولکلۆرێ کوردی | حجی جعفر |
| ٧٩ | تایبەتمەندیێن شعرا کوردی ل ئێکەتیبا سۆفییەت | کۆڤان خانکی |
| ٨٠ | بەڵێ، هەڵەیەك رووی داوە | تێکۆشەر خالید |
| ٨١ | سەمای سەفەری پیاوێك | کەریمۆك |